# کوێرەکان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# کوێرەکان

شانۆنامە

نووسینی:
**مۆریس مەتەرلینگ**

وەرگێڕانی لە فارسییەوە:
**دلاوەر قەرەداغی**

بەراوردکردنی لەگەڵ تێکستە فەرەنسییەکەیدا:
**د. فەرهاد پیرباڵ**
**مستەفا قەسیم**

سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: کوێرەکان – شانۆنامە
نووسینی: مۆریس مەتەرلینگ
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: دلاوەر قەرەداغی
بەراوردکردنی لەگەڵ تێکستە فەرەنسییەکەدا: د. فەرهاد پیربال، مستەفا قەسیم
پێشەکی: دانا ڕەئوف
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٥٦٤
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: سەنگەر عەبدولقادر
دەرهێنانی بەرگ: حەمید ئازموودە
پیت لێدان: نیهاد مەلەك + عەلی محەمەدئەمین
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری + حامد مورادی
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٤٤٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# شانۆی سمبولیزم و مۆریس مەتەرلینگ

دانا ڕەئووف

ڕێبازی سمبولیزم لە ناوەراست و کۆتاییەکانی دەیەی١٨٨٠وە تا سەرەتا و ناوەڕاستی دەیەی ١٨٩٠ لە پاریس وەدیار دەکەوێت. ئەم تەوژمە وەك کاردانەوەیەکی بەهێزی ڕێبازی ناتۆرالیزم سەرهەڵدەدات و دید و ئامانجەکانیشی شتێکی تەواو پێچەوانەی ڕیالیزم/ ناتورالیزم دەبێت لە ئەدەب و هونەردا. بەڵام نەژاد و ڕەگوڕیشەکەی بە شێوەیەك لە شێوەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەر ڕێبازی ڕۆمانتیکی و هزری فەیلەسوفە ناتوراليیەکان.

ناتۆرالیزم درێژکراوەیەکی یان بەردەوامییەکی لۆژیکیی ڕێبازی ڕیالیزم و ئەدەبی ڕیالیزم دەبێت. بۆ زیاتر شارەزابوون لەم ڕێباز و قوتابخانانە و کاریگەرییان بەسەر یەکتر و ڕەنگدانەوەیان لە شاکاری ئەدەبی و هونەریدا، دەگەڕێنەوە سەریان و زۆر بەکورتی ئاماژە بەو دەروازە گرنگە دەکەین. ڕێبازی ڕیالیزم لە ناوەراستی سەدەی هەڤدەهەمدا دەردەکەوێت و زۆر زوو کاریگەرییەکی فراوان لە ئەدەب هونەری ئەو سەردەمەدا بەجێ دەهێڵێ. لە سەرەتادا و بە شێوەیەکی گشتی ڕیالیزم لە ئەدەبدا، بریتی بووە لە چارەسەرکردنێکی بابەتییانەی واقیع و بەبێ هیچ دەستتێوەردانێکی نووسەر. هەر لەبەرئەوە ڕیالیزمییەکان بەهەموو شێوەیەك دژ بەڕێبازی ڕۆمانسی بوون، لەبری گرینگیدانیش بە خەون و ئەندێشە، ڕوویان کردووەتە خەڵکی ئاسایی و ژیانی ڕۆژانە. ڕاستگۆیی لە خستنە ڕووی مەودا و بوارە جیاوازەکان و ڕاستیی ژیان و واقیع، ئاوێتەی ڕەنگدانەوەی دید و تێزەکانی ئەم ڕێبازە دەبێت. ڕاستگۆیی لە هونەردا، مانای ڕاستگۆییە بەرامبەر بەرپرساکانی ژیان بەگشتی و گوزارشت کردن لە ڕۆحی کۆمەڵ و بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەڵگا بەتایبەتی.

فلوبیر، ئەدەبی ڕیالیزمی لە فەرەنسادا بڵاو دەکاتەوە، توانیی ڕۆڵێکی گەورەش لە نەشونماکردنی ئەم ڕێبازە و بڵاوکردنەوەی بە هەموو جیهاندا بگێڕێ. ڕۆمانی "خاتوو بۆفاریێ" نموونەیەکی بەرزی ئەم ئەدەبەیە. بەڵام بلزاك ١٧٩٩–١٨٥٠ زیاتر لە هەموو کەسێك نەك تەنها لە فەرەنسا، بەڵکوو لە هەموو جیهاندا دادەنرێت بەباوکی ڕاستەقینەی ئەدەبی ڕیالیزم. بلزاك، ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لە شیکردنەوەی شانەکانی ژیان و بەستنەوەیان بەکۆمەڵگا وخستنە ڕووی بوار ولایەنە شەڕانگێز و دزێوەکانی کۆمەڵگادا. ناتۆرالیزمیش وەك دیاردە و تەوژمێکی بەهێز و قۆناغێکی هەڵەشە و پێشکەوتووی ڕیالیزم سەری هەڵداوە. ئەم ڕێبازە گرنگییەکی بێ هاوتای داوەتە وێنەکێشانێکی زۆر وردی سەراپاگیری چارەنووس و خودی مرۆڤ، لە ڕوانگەی سروشتی ئەو خودە خۆیی و توخمە بایۆلۆژییەکان و ناوەندە کۆمەڵایەتی وماتەرییەکانەوە.

نووسەرانی سەر بەڕێبازی ناتۆرالیزم ویستوویانە زیاتر و زۆر بەوردی دووپاتی نزمترین و کڵۆڵترین چینە هەژارەکانی کۆمەڵ و لەسەر هەموو ئاستەکان بکەنەوە و بارێکی دژوار و ڕەشبینی و توندوتیژی ئەو جیهانە دەستەبەر بکەن. ئەمیل زۆلا وەك ڕۆماننووس، شانۆنامەنووس و تیئۆریست، ڕۆڵێکی گەورەی دەگێڕا لە بڵاوکردنەوە و بانگەشەکردنێکی بەربڵاو بۆ ئەم ڕێبازە. ئەمیل زۆلا، مێتۆدە زانیاری و پزیشکییەکانی بەکاردەهێنا بۆ پشتگیری، لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی دیاردەکانی ژیان و هەڵسوکەوتی مرۆڤایەتی، بەتایبەتیش دۆزینەوەکانی زانستی پزیشکیی ئەزموونگەری. لەم بوارەدا تاقیکردنەوەکانی کلۆد برنار، وەك پزیشکێکی تایبەتمەند و لە هەمان کاتدا لێکۆڵینەوە ئەزموونگەرییەکانی لە بواری زانستی ئامرازەکانی جەستە و جەستەی مرۆڤدا، کاریگەرییەکی گەورە و بەرچاویان هەبووە. کلود برنار، کتێبێکی گرنگ "دەروازەیەك بۆ پزیشکیی ئەزموونگەری" بڵاودەکاتەوە، کتێبەکە بۆ ئەو ڕۆژگارەی ئەورووپا، بەهایەکی فرە گرنگ و مەودایەکی فراوانی هەبوو. لە دەروازەکانی ئەم

تاقیکردنەوە زانستییانەوە دەرگایەکی تر بەڕووی ئەم ڕێبازەدا دەکرێتەوە.

ئەمیل زۆلا جگە لە ڕۆمانەکانی، کۆمەڵێك کتێبی گرنگیش دەنووسێ، بۆ نموونە "ڕۆمانی ئەزموونگەری"، (ناتورالیزم لە شانۆدا)، (ڕۆماننووسە ناتورالیستەکان). هەروەها زۆلا گرنگییەکی زۆری بەشانۆ داوە و گەرەکی بووە لە ڕوانگەی ڕێبازی ناتۆرالیزمییەوە، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە شێوە و شێوازەکانی نەمایشکردنی شانۆیی و هونەری ریژی لە لایەك و لە لایەکی دیکەشەوە لە ڕووی چۆنییەتی نووسینی ئەدەبی شانۆییدا بکات.

لە ساڵی ١٨٩٠ بەدواوە، ڕێبازی ناتۆرالیزم، دەگاتە ئاستێکی وا کە چیتر سەرنجی هونەرمەند و نووسەرانی ئەو ڕۆژگارە ڕاناکێشی. لەبەرئەوە کۆمەڵێ شاعیر و هونەرمەندی وێنەکێش کەوتنە گەڕان بەدوای ڕێبازێکی تردا کە زیاتر بتوانێت گوزارشت لە دیدی ناوەوەی شتەکان، بوونی مرۆڤ، ئێستاتیکای هونەر و دۆزینەوەی هێما لە گەوهەری ئەدەب و هونەردا بکات. بۆ نموونە بۆ دلێری فەڕەنسی و فرهایرنی بەلژیکی بەشیعرە سیمبۆلیستییەکانیان، جیهانێکی تر و جیاوازیان لە شاکارە شیعرییەکاندا ئەفراندووە. دواتر ئەدەب و هونەرێکی سیمبۆلیزم و لە نێوان ساڵانی ١٨٩٠ بۆ ١٩٠٠، تێکڕای ڕێباز، تەوژم و شێوازەکانی گوزارشتکردن بەزمانی فەرەنسی دەگرێتەوە و کاردانەوەیەکی خێراشی دەبێت بەسەر بەشێکی گەورەی وڵاتانی ئەوروپاوە. بەڵام لە سەرەتادا زۆر گران بووە بۆ سیمبولیستەکان کە بتوانن پێناسەیەکی ئاشکرا و تەواوەتی بۆ ڕێبازەکەیان بکەن، ناتورالیستەکان کەسێکی وەك "ئەمیل زۆلا"یان هەبوو، لە پاڵ نووسینەکانیدا، مانیفێست و وتاری تیئۆری سەبارەت بەچەمکەکانی ناتورالیزم دەنووسێ و بانگەشەیەکی بەربڵاوی بۆ دەکرد، بەڵام سیمبولیستەکان هیچ کەسێکی وەك ئەمیل زۆلایان نەبوو. بەشێوەیەکی گشتی دید و هزری سیمبولیستەکان مۆرکێکی ئایدیایی و ڕۆحیی لەخۆ دەگرت. واقیع و دیاردە ئاشکراکانی وەلاوە دەنا و ئامێزی بۆ جیهانێکی

نـهێنـی، خـەوئـامـێز و نـاتـەبـا، کـردووەتـەوە و لـە دەرگـای لاشعوری داوە. سیمبولیستەکان زۆر بەتوانا بوون لە ڕۆچوونە خوارەوە و گوزارشتکردنی جـیـهـانـە وێـنـە ئـامـێز و شاراوەکـانـی نـاوەوەی مـرۆڤ، لـە هـەمـان کـاتدا ویستوویانە جیهانە نهێنییەکان بەشێوازێکی تەجریدی ڕووت بخولقێنن. سیـمـبـولیستـەکـان دووپـاتـی دڵـەڕاوکێی ڕۆح و حـەپـەسان و گـەمـارۆدانـی بـوونـی مـرۆڤـایـەتـیـیـان دەکردەوە و بـەسمـبـوڵ دەگـەڕان بـەدوای ڕاسـتـیـیـە شاراوەکاندا.

## دەستپێکی شانۆیەکی سمبولیست

### – دەروازە

شانۆی سمبولیزم یەکەم هەوڵە ئەزموونگەر و ناتەباکانی کولتوورێکی نوێی شانۆیی لە ئەوروپادا دامەزراند. ئەم گرووپە شانۆکارە دەیانویست سەرلەنوێ شانۆ لە فۆرمێکی تردا، دروست بکەنەوە و لە هەمان کاتدا بەئاراستەیەکی تر و جیاوازیشدا بیبەن.

سمبولیستەکان خوازیار بوون بنەما سەرەتاییەکانی شانۆی ئەورووپی و ترادیشونی هونەری شانۆ و پێکهاتەکانی بگۆڕن، بەتایبەتیش لە ڕووی هونەری نواندن، ستروکتوری شانۆ و بنەماکانی دیالۆگی شانۆنامەکانەوە.

چەقی پرسیار و دیدە ئیستاتیکییەکەی سمبولیستەکان ئەوە بوو کە نـاوەندێکی جیـاواز ببـەخشنـە نـاوەڕۆکی خـەون و فـەنتـازیاکانمان. ئەم هـونـەرمـەندانـە دەیـانویست لـە ڕێگـای شانـۆیـەکی نـاتـەبـا و جیـاوازەوە، شانـۆیـەك کـە پشت بـە بـنـەمـا سایکـۆلـۆژیـیـەکـان نـەبـەستێت، ڕووبەڕووی سروشت و هێزە شاراوەکانی گەردوون و نائاگاییمان بکەنەوە.

هونەرمەندە شانۆییەکانی ڕێبازی سمبولیزم، مەسەلە فیزیکییەکان و بـەکـارهـێـنـانـێکـی نـاتـەبـای پـانـتـاییـیـەکـان، زۆر سەرنجی ڕادەکێشان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو هونەرمەندانە پانتایی شانۆ، وەك شوێن

و ڕووبەرێکی بەتاڵ زۆر جێگای سەرنجیان دەبێت. سمبولیستەکان دووپاتی ئەوەیان دەکردەوە کە لەم پانتاییيانەدا هەموو هونەرەکان یەك دەگرنەوە، پێکدا دەچن و جیهانی خەونەکانیشمان بەشێوەیەکی ماتریالیزمی و شیعری بۆ بەرجەستە دەکەن. سمبولیستەکان هەموو ڕەگەزەکانی ورووژاندن و نائاگاییی مرۆڤ دەکەنە هاوکێشەیەکی گرنگی پرۆسێسەکەیان.

لە دەوروبەری دەیەی ١٨٩٠ ەوە سمبولیستەکان توانییان گوزارشت لە هێما، دیدی و بۆچوونەکانیان بکەن و هەر لەم ساڵانەشدا چەمکی تەوژم و ڕێبازەکەیان زیاتر دەردەکەوێت. هەر لەم ساڵانەشدا هونەرمەندە شانۆکارەکانیش لە پاریس، هەوڵیاندا کە شانۆیەکی سمبولیزم دابمەزرێنن.

شانۆی سمبولیزم، وەك کاردانەوە و بەرهەڵستییەکی توند و بەهێزی شانۆ ناتۆرالیستەکەی ئەندریە ئەنتوان و شانۆی سەربەست لە پاریس دەردەکەوێت.

## شانۆی Theatre d` Art

پاول فۆرت Paul Fort (1872-1960) شانۆی d`Art وەك ئەلتەرناتیڤێکی هونەری و لە ساڵی١٨٩٠دا لە پاریس، دادەمەزرێنێت. پاول فۆرت، لە بنەڕەتدا شاعیر دەبێت و بۆچوونێکی ئایدیالیستی و شاعیرانەشی بۆ شانۆ دەبێت، بەڵام دادەنرێت بەپێشڕەوی شانۆی سمبولیزم لە جیهاندا. بۆ یەکەمجار و لەم شانۆیەدا، هونەری سینۆگرافیا ڕۆڵێکی جیاواز و گەورە لە دروستکردنی ئەتمۆسفێرەکاندا دەگێڕێ.

یەکێك لە کەموکورییەکانی ئەم شانۆیە و کارەکانیان ئەوە دەبێت کە پاول فۆرت، زیاتر شاعیر بووە وەك لە هونەرمەندی شانۆیی، توانا و هزری شانۆی لە ئاستی شیعر و بۆچوونە ئەدەبییەکانیدا نابێت. ئەم گەنجە لە پاڵ نووسین و پرۆژە شانۆییيەکانیدا، ڕۆژنامەیەکی شانۆیی بچووکیش بڵاو

دەکاتەوە. ڕۆژنامەکە چوار تا حەوت لاپەڕە بووە و شیعر، پرۆگرامی شانۆکەیان، تابلۆ و وێنەی وێنەکێشە سمبولیستەکان و وتاری کورتی ڕەخنەیی بڵاوکردووتەوە.

پاول فۆرت وەك شاعیرێکە زۆر بەزەحمەت بیر و دیدە شانۆییەکانی پراکتیزە دەکات، نمایشەکانی لە زۆر ڕووەوە کەموکوڕییان تیا بووە و هێمای نمایشەکانی تەمومژاوی بووە، یان بەهیچ شێوەیەك نە خوێنراوەتەوە. یەکێك لە ڕەخنەگرانی ئەو دەمە، سەبارەت بەپاول فۆرت وتوویەتی «لەبەرئەوەی پاول فۆرت شاعیر بووە، زۆر زەحمەت بووە شانۆکەی بەشێوەیەکی کردەیی بەرجەستە بکرێت»، ئەم شانۆیە لە سەرەتادا هیچ پەیڕەو و پرۆگرامێکی دیاریکراوی نابێت، شانۆکەش بریتی دەبێت لە هەوڵێکی بچووکی ئەزموونگەری، نمایشەکانیان یەك یان دوو جار و بۆ بینەرێکی دەستەبژێر و دیاریکراو پێشکەش کراوە. ئەم تیپە سمبولیزمە زۆر کێشەی دارایی، هونەری و خانووبەرەیان هەبووە. بەڵام پاول فۆرت لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکاندا یەکەم شانۆی سمبولیست و درامایەکی هێماگەری و شانۆیەکی جیاواز و ناتەبا دادەمەزرێنێ و دەرگایەکی تر بەڕووی ڕەوتی شانۆی جیهانی و شانۆیەکی مۆدێرنی ئەورووپیدا دەکاتەوە.

پاول فۆرت، کۆمەڵێ شانۆنامەی هێماگەریی نووسەرە گەنجەکانی فەرەنسا دەخاتە سەر شانۆ، مۆریس مەترلینگ بەجیهانی دەناسێنێ، بەهەمان شێوە ڕوو دەکاتە شانۆنامەنووسانی جیهانی: گرێکەکان، شەکسپیر، شانۆنامەی نووسەرە چینییەکان و شانۆی هیندی پێشکەش دەکات.

پاول فۆرت، لە دوو ساڵ زیاتر ناتوانێت بەردەوام بێت و پرۆژە و نمایشەکانی زۆرجار شکست دێنن، خەون و پلانەکانی نایەنە دی، بەڵام توانیی ڕێگا بۆ شانۆیەکی تر بکاتەوە و بەردەوامییەکی پتەوتر بەشانۆی سمبولیزم بگەیەنێ.

### Theatre de l` Oeuvre **شانۆی**

دوا بەدوای داخستنی شانۆ سمبولیستەکەی پاول فۆرت، شانۆی Theatre de l`Oeuvre برەو بە ڕەوت و چالاکییە شانۆییەکانی سمبولیستەکان ئەدات. بەڕێوەبەری هونەری و دامەزرێنەری ئەم شانۆیە نوێیەش، بەپێچەوانەی شانۆکەی پاول فۆرت، هونەرمەندێکی شانۆیی و ئەکتەرێکی ناسراوی ئەو کاتەی شانۆ ناتۆرالیستەکەی ئەندریە ئەنتوان دەبێت لە پاریس. ئەکتەر و هونەرمەندی شانۆیی Aure` lien Lugne` Poe 1869-1940 زۆر سەرکەوتووانە لە نێوان سالانی ١٨٩٣ بۆ ١٨٩٩دا، بەردەوامی بەچالاکی و پرۆژەکانی ڕەوتی شانۆیەکی هێماگەری ئەدات. ئەم شانۆیەش دادەنرێت بەیەکەم شانۆی دانپیانراوی بزووتنەوەیەکی ئەزموونگەری و شانۆیەکی سمبولیست لە فەرەنسا و جیهاندا، دەشبێتە ناوەندێکی گرنگی تەوژم و ڕەوتە ئەلتەرناتیڤ و دژ بەناتورالیستەکان. لە نێوان چالاکییەکانی ئەم دوو گرووپە گرنگەی شانۆی سمبولیزمدا، چەندین گرووپی تری ئەزموونگەری، هەروەك قارچك، لێرە و لەوێ، لە ژێر زەمین و ژووری بچووك و قاوەخانەکاندا هەڵدەتۆقێ. بەڵام هیچ کام لەم گرووپە بچووکانە ناتوانن بگەنە ئاستێکی وەها کە شانبەشانی شانۆی de l`Oeuvere برەو بەڕەوت و چالاکییەکانیان بدەن، بۆ نموونە ئەو هەلومەرجەی کە هەر لە سەرەتاوە بۆ Aure `lien Lugne` Poe هەڵدەکەوێ، بۆ هیچ کەسێکی تر هەڵناکەوێ: بەر لە هەموو شتێك خۆی ئەکتەرێکی بەهێز بوو، سەرکەوتووانە تیپەکەی بردووە بەڕێوە، کەسانێکی زۆری ناسیوە و پەیوەندییەکانی چڕ و بەربڵاو بووە. دوای وازهێنانیشی لە شانۆی سەربەست و ناتۆرالیستەکان، خێرا تێکەڵاوی تەوژم و ڕێبازە نوێیەکەی شانۆی سمبولیزم دەبێت.

هەر لەم قۆناغەدا شانۆی ئاسیای ناوەڕاست، بەتایبەتی شانۆی هیندی و چینی کاریگەرییەکی بەرفراوانی بەسەر شانۆکارانی شانۆی سمبولیزمەوە

دەبێت. لە ئەوروپاش دید و بۆچوونە مۆسیقی و شانۆییەکانی ڕیتشارد ڤاگنەر، و هونەرە گشتگرەکەی چاوگێکی بەپێز و گرنگی زمانە شانۆییەکەی سمبولیستەکان دەبێت. هزر و بۆچوونەکانی ڤاگنەر و ئاوێتەکردنی وشە، وێنە، ئاواز و شیعر وەك یەکەیەکی دراماتۆرگی لە ئۆپێراکانیدا، کاریگەرییەکی گەورە بەجێ دەهێڵێ. مۆسیقا و ئۆپێراکانی ڤاگنەر، مۆرکێکی خەونە ئامێز، داستان و ئەفسوونی لە خۆ گرتووە. ڤاگنەر خۆی پێی وابووە کە هونەری مۆسیقا زۆر نزیکە لە شیعرەوە بەم پێیەش وشە و دیالۆژەکانی پانتایی و بوارێکی تر لە خۆ دەگرێت.

لە سەرەتادا شانۆی Theatre de l`Oeuvre پشت بە شانۆنامەکانی هێنریك ئیبسن دەبەستێت کە بەشێوازێکی هێماگەری پێشکەشیان دەکرد. ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەوەیە کە هەر لەم قۆناغەدا شانۆنامەکانی ئیبسن لە ئەڵمانیا و لە ڕێژی ئۆتۆبراهەم پێشکەش دەکرا، بەڵام لە ئەڵمانیا بەبەراورد لەگەڵ فەرەنسا، بەشێوازێکی وردی ناتۆرالیزم، نەمایش دەکرا. ئیبسن وەك شانۆیەکی ناتۆرالیست، دەروازەیەکی گرنگیش دەبێت بۆ ئەندریە ئەنتوان و شانۆ ناتۆرالیستییەکەی لە پاریس.

Aure `lien Lugne` Poe کە خۆی ئەکتەری سەرەکیی شانۆکەی دەبێت، یەکەم کەسیش دەبێت کە لە ساڵی١٨٩٣دا شانۆنامەی (پێلیس و مێلاندە)ی مۆریس مەترلینگ نەمایش دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا ستریندبیری، گۆرکی و شەکسپیریش پێشکەش دەکات. هەر لەسەر ئەم شانۆیە و لە ساڵی ١٨٩٦دا بۆ یەکەمجار شانۆنامەی (ئۆبۆی پادشا)ی ئەلفرێد گاری نەمایش دەکرێت. ئەم پیەس و شانۆنامەیە، ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەرییەکی بەرچاوی دەبێت لە دروستکردنی شانۆیەکی مۆدێرنی ئەوروپیدا. ئەوەی جێگای ئاماژەکردنە ئەوەیە کە ئەم شانۆنامەیە، یەکەم سەرەتاکانی شانۆیەکی سورریالیزم و ئەپسوردیزم لەخۆ دەگرێت. شانۆی سمبولیزم زۆر زوو هەنگاوەکانی دەنێت، هەرچەندە هێنرێك ئیبسن بەر لە هەموو کەسێك لە

فۆرم و شێوازێکی بەرزدا ڕیالیزم و سمبولیزم، سمبولیزم و ڕیالیزم تێکەڵاو و ئاوێتەی یەکتر دەکات، لەم پێکداچوونەشدا، ئەدەبێکی بەرز و شانۆیەکی مۆدێرنی بێ وێنە دەخولقێنێ. بەڵام شانۆیەکی بە تەواوەتی سمبولیزم و ئەدەبێکی شانۆیی لەسەر دەستی نووسەر و شانۆنامەنووسی بەلژیکی، مۆریس مەتەرلینگ ١٨٦٢– ١٩٤٩دا لە دایك دەبێت.

## تراژیدیای ناو ژیانی ڕۆژانە

مۆریس مەتەرلینگ، شانۆی "بووکەشووشە"، زۆر سەرنجی ڕادەکێشێ، لەم شانۆیەدا هێما ڕۆڵ دەبینێت و لە واقیعییەت و ناتۆرالیزمەوە دوورە. مەتەرلینگ لە سەرەتادا دوو شانۆنامەی کورتی یەك پەردەیی La Princesse Marleine و L`Intruse بۆ شانۆی بووکەشووشە دەنووسێ. ئەم نووسەرە لە بنەمایەکی قووڵ و زەمینەیەکی جیاوازی ئاراستە هونەرییە سمبولییەکاندا بیر لە لابردنی بوونی (ئەکتەر) دەکاتەوە لەسەر شانۆ. جەستەی ئەکتەر، بەپێی بۆچوونەکانی ئەم نووسەرە، بەربەستێکی گەورەیە لە بەردەم بەرەو پێشەوە چوونی هونەری شانۆدا. لە یەکێك لە نامە و بابەتە شانۆییەکانیدا، سەبارەت بەم بۆچوونەی وتوویەتی:"دەکرێت لەبری جەستەی مرۆڤ، سێبەر تیشك یان بەکارهێنانی فۆرم و دید و هزری هێماگەری بەکار بهێنرێ، بەکارهێنانی بوونەوەرێکی بێ گیان، کە لەوە دەچێت گیانی تیادا بێ؟ بەڵام دوورکەوتنەوە و ونبوونی جەستەی مرۆڤ لەسەر شانۆ بەشتێکی زۆر گرنگ و پێویست دەزانم". لە لای مۆریس مەتەرلینگ کارەکتەرەکان ڕۆڵی هەست و سۆزی ناوەوەی مرۆڤ دەبینن و دەرگایەك دەکەنەوە تا شتە نەبینراوەکان ببینرێن و هەر لەم ڕێگایەشەوە فۆرم و دەروازەیەکی تری بە ڕووی بەکارهێنانی شانۆدا کردووەتەوە.

مۆریس مەتەرلینگ، تەرزێکی تایبەتمەندی تراژیدی دەخولقێنێ، تراژیدیایەك زۆر بەهێمنی و لە ناو نهێنییەکانی بوونی مرۆڤایەتیدا

دەسووڕێتــەوە. گــەر پــاڵــەوانــەکــانــی تــراژیــدیــای گــرێکــی ڕووبــەڕووی کارەساتێکی دیاریکراوی تراژیدی بوونەتەوە، لەبەرئەوەیە کە پێشوەخت خواوەندەکان چارەنووسی ئەو پاڵەوانانەیان دیاری کردووە. بەڵام لە لای مۆریس مەتەرلینگ تراژیدیا و کارەساتەکانمان تەنها لەو چرکەساتانەدا ڕوو ئەدات کە مرۆڤ لەپڕ و لە کاتە نادیارەکاندا بەڕووی چارەنووسی خۆیدا دەتەقێتەوە. مـەتـەرلـینـگ تـراژیـدیـاکـەی خـۆی بـەتـراژیـدیـای ژیـانـی ڕۆژانە ناوزەد دەکات: (تراژیدیایەکی ژیانی ڕۆژانە هەیە، زۆر گەوهەری، قووڵتر و نزیکترە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆتر یەکانگیرە بەواقیعی ژیانی ڕۆژانـەمـانـەوە. لـە ڕووداوە گـەورە تـراژیـدییـەکـانـدا، بـەشێوەیـەکـی ئـاسـان، هــەست بــەبــوونــی کــارەساتێك دەکــەیت؛ بــەڵام لــە هــەمــان کــاتــدا بــەئــاسانــی دەرناکەوێت و نابینرێت.

مـۆریس مـەتـەرلـینـگ ئـامـاژە بـەتراژیـدیـای گرێکـی دەکـات و ڕاڤـەیـەکـی لۆژیکیی لە ژێر چەمکەکانی بێدەنگیدا بۆ دەکات. لەو تراژیدیایانەدا و بەڕای مەتەرلینگ، هیچ شتێك ڕوو نادات و هەموو شتێکیش ڕوو ئەدات. کـارەساتـەکـان، تـراژیـدیـا و چـارەنـووسە دیـاریـکراوەکـان لـە بـێدەنـگیـدا، لـە جـیـهـانـێکـی وەسـتـاوی نـهـێـنـی و تـەلـیـسمـاویـدا بـەرجـەستـە دەبـن، بـەبـێ قەرەبالغی و بەبێ جووڵە. لەبەر ئەوە مەتەرلینگ، لەنێو ژیانی ڕۆژانەماندا بەدوای تراژیدیاکان و کارەساتەکاندا دەگەڕێت، تراژیدیا لە نێو ژیانی ڕۆژانەدا دەدۆزێتەوە و ئاوێتەی ژیانە ئاساییەکەنمانی دەکات.

## چەردەیەکی کورت لە ژیانی مۆریس مەتەرلینگ

مـۆریس مـەتـەرلـیـنـگ، شـاعـیـر، نـووسـەر و شـانـۆنـامـەنـووسێکـی بـەرەگـەز بەلیژیکییە و لە ٢٩ی ئەگۆستی ساڵی١٨٦٢دا لە شاری گێنت لە دایك بووە، خوێندنی باڵای لە کۆلێژی یاسا تەواو کردووە، دوای تەواوکردنی خوێندن بۆ ماوەی چەند ساڵێك وەك پارێزەر کاری کردووە و هەر لەم ساڵانەشدا

یەکەم شیعر لە گۆڤارەکاندا بڵاو دەکاتەوە. دواتر واز لە کاری یاسا و پارێزەری دەهێنی و بەتەواوەتی خۆی بۆ نووسین و ئەدەب تەرخان دەکات.

مۆریس مەتەرلینگ لە ساڵی١٨٨٧ەوە دەچێتە پاریس و لەوێ تێکەڵاوی شاعیرە سمبولیستەکان دەبێت، بەڵام هەرگیز بەتەواوەتی لە پاریس جێگیر نابێت، لە بەلژیکیش نامێنێتەوە، بەڵکوو لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا و لە نێوان گێنت و پاریسدا هاتوچۆ دەکات تا ساڵی ١٩٤٩ لە شاری (نیس)ی فەرەنسا کۆچی دوایی دەکات. ئەم نووسەرە سەرەتای ژیانی بەشیعر دەست پێ دەکات و لە ساڵی ١٨٨٩یشدا یەکەم دیوانە شیعری سمبولیستیی خۆی بڵاو دەکاتەوە. لە ساڵی ١٨٩٠دا دوو شانۆنامە «بانگێشت نەکراو» و «کوێرەکان» بڵاو دەکاتەوە. دوای ئەوە بەتەواوەتی ڕوو دەکاتە نووسینی شانۆنامە، شانۆگەرییەکانی لە سەرەتادا بەشیعر دەنووسیێ، دوای ئەوە هەر خۆی سەرلەنوێ بەپەخشان دایان دەڕێژێتەوە. لە ساڵی ١٨٩٢دا شاکارە گەورەکەی «پێلیس و میلاندە» بڵاو دەکاتەوە. ئەم شانۆنامەیە ناوبانگێکی جیهانیی بۆ مەتەرلینگ بەدەست دەهێنی و پایە و پێگەشی لە وڵاتی فەرەنسا، گەلێك پتەو دەکات. مۆریس مەتەرلینگ، زۆر فرە بەرهەم بووە، جگە لە شانۆنامەکانی، لە ساڵی ١٨٩٥یشەوە بابەتی تیئۆری، ڕەخنە ئەدەبی، وتاری شانۆیی و تەنانەت باس و لێکۆڵینەوەی فەلسەفیشی نووسیوە. ئەم نووسەرە گەورە و ڕابەرە لە ساڵی ١٩١١دا پاداشتی نۆبڵی ئەدەب وەردەگرێت و بەمەش هەموو جیهان دووپاتی بلیمەتی و تایبەتمەندیی ئەم نووسەرە دەکەنەوە. مۆریس مەتەرلینگ لە فۆرمی شانۆییدا، خودی مرۆڤ ڕووبەڕووی چارەنووسێکی گران و نادیار دەکاتەوە، ماناکانی ژیان شاراوەیە و وا هەست دەکرێت کە لە، جیهانێکی وەهمی و ئەندێشەییدا دەسووڕێتەوە، ئەوەی لەسەر تەختەی شانۆیش ڕوو ئەدات ڕەتدانەوەیەکی دەرەکی دەروونی خودی کەسایەتییەکان و ژیانیانە. ئەتمۆسفێری شانۆنامەکانی خەونە ئامێز و گرۆتێسکە، کارەکتەرەکان کەسانی دەستەپاچەن بەرامبەر بەچارەنووس و هێز و وزەی سروشت. ئەم

نووسەرە زمانێکی میتافیزیکی و ئەفسوونیی خولقاندووە، وتاری کورت و وشەی ساکار و وێنەی بەهێزی قووڵ، سترکتوری پیەسەکانی پێك دەهێنێ. بۆ ئەم مەبەستە پانتۆمایم و بێدەنگی و دابینکردنی ئەتمۆسفێرێکی پڕ لە نهێنی، دەکاتە ئامرازە سەرەکی و سەرەتاییەکانی.

کارەکتەرەکان لە فۆڕمێکی خەونە ئامێز و دنیایەکی نادیاردا دەجووڵێنەوە، لەم جیهانەدا، شتەکان، لە تاریکی و ڕووناکییەکی کز و لەناو سێبەرە ڕەشەکاندا دەبزوێن، بەم شێوەیە و لە ڕوانگەی بێدەنگییەکی مۆسیقییەوە ڕیتم و بارودۆخێکی ئەفسوونی دەبەخشێ بەکارەکتەرەکانی. مۆریس مەتەرلینگ دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆکە کۆنەکانی چاخەکانی ناوەڕاست و شانۆی خەیاڵی سێبەر و سرووتە نهێنییەکان، سوودیان لێ وەردەگرێت و سەرلەنوێ لە شانۆنامەکانیدا، بەشێوەیەکی تر گیانیان بەبەردا دەکاتەوە.

## کوێرەکان

کوێرەکان: یەکێکە لە بەرهەمە سەرەتاییەکانی مۆریس مەتەرلینگ و لە ساڵی ١٨٩٠دا نووسیویەتی. ئەم شانۆنامەیە هەر دوای چەند ساڵێك لە پاریس نەمایش دەکرێت و دەروازەیەکی فراوان بەڕووی شانۆی سمبولیزمدا دەکاتەوە. مۆریس مەتەرلینگ لە "کوێرەکان"دا گوزارشت لە زۆر هێما و دید و بۆچوونە سمبولییەکانی دەکات، بابەتێکی نوێ و تەکنیکێکی مۆدێرن، دەستەبەری ئامرازەکانی دەکات.

شانۆنامەی کوێرەکان باسی مەرگ لە چاوەڕوانیدا دەکات، چاوەڕوانی دەبێتە توخمێکی گرنگ و سەرنجڕاکێش. چاوەڕوانی، پرۆسەیەکی گران و دژوارە، لەم پرۆسەیەدا مەرگ ئامادەیە، ئامادەییەکی بەهێز و کارەکتەرە کوێرەکان ڕووبەڕووی ترسێکی کوشندە دەکاتەوە. تەنهایی لەم چاوەڕوانییەدا ترسی کارەکتەرە کوێرەکان، لە خۆیان، لە شوێنەکە، لە

ئاینده و لە چارەنووسیان زیاتر دەکات. لە شانۆنامەکەدا، دوانزە کەسایەتی کوێر لە دارستانێکدا کۆبوونەتەوە، یان ڕاستتر وایە بڵێین گیریان خواردووە. ئەم کوێرانە، ڕابەرەکەیان کە قەشەیەکی پیرە، بەتەنها جێی هێشتوون، قەشەکە لە دارستانەکە دوورکەوتووەتەوە تا ئاویان بۆ بێنێ. کابرای قەشە دەنگی نییە و هەرگیز ناشگەڕێتەوە، نەگەڕانەوەی ئەم ڕابەر و ڕێنوێنە، بارێکی نائارامی و کۆمەڵێ پرسیاری بێ وەڵام لە لای کوێرەکان دروست دەکات هەر لە سەرەتاوە شانۆنامەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

یەکەم کوێر:

باشە ئێستا ئەو ناگەڕێتەوە؟

دووەم کوێر:

بێدارتان کردمەوە.

سێیەم کوێر:

منیش دەنووم.

یەکەم کوێر:

چیتر ناگەڕێتەوە؟

دووەم کوێر:

من هیچ تەپەی پێی نابیستم.

سێیەم کوێر:

کەواتە ئیتر کاتی ئەو هاتووە بگەڕێینەوە جێگاکەی خۆمان.

یەکەم کوێر:

لەو کاتەوە ئەو ڕۆیشتووە هەوا سارد بووە.

پیرەمێردی کوێر:

پێم بڵێن، ئێستا لە کوێداین؟

پیرێژنی کوێر:

ماوەیەکی زۆرە بەرێگەوەین، دەبێ ئێستا لە جێگاکەی خۆمانەوە زۆ دوور بین!

شانۆنامەی کوێرەکان

دیالۆژی شانۆنامەکە لە نێوان کوێرەکاندا بەشێوەیەکی بێ پلان دەسوورێتەوە، ترسیان لێ نیشتووە، هەریەکە و بەتەنها چووەتە جیهانە داخراوەکەی خۆیەوە، وشە و ڕستەکانیان، هەروەك ئەوە وایە بەئاسماندا، بەبێ هیچ کاریگەرییەك، وەك ئەوەی کەس گوێی لێیان نەبێت بلاو دەبێتەوە.

ئاستی ترس و دڵەڕاوکێی کارەکتەرەکان هێدی هێدی بەرز دەبێتەوە و لە بەرئەنجامدا دەبێتە کۆرسێکی تۆقێنەر، خەم، ترس و چاوەڕوانی پێکدا دەچن و باروودۆخێکی دژوار و ناله‌بار بۆ کوێرەکان دەخولقێنێ. چاوەڕوانیی قەشە لەم نەمایشەدا، هێمای چاوەڕوانییە هەتا هەتاییەکەی مرۆڤە، چاوەڕوانیی شتێکی نادیار، چاوەڕوانیی چارەنووس و ئایندەیەکی شاراوە.

سێیەم کوێر:

ئێمە ئێستا وا خەریکە لەو شتە تێدەگەین کە دەمانویست تێی بگەین. تا قەشە دەگەڕێتەوە، با ئێمە کەمێك بەیەکەوە بدوێین!

پیرێژنی کوێر:

قەشە پێی گوتین کە دەبێ بێدەنگ دانیشین و چاوەڕوانیی بکەین.

سێیەم کوێر:

خۆ ئێمە لە کەنیسە نین!

پیرێژنی کوێر:

ئێوە نازانن ئێمە لە کوێین؟

سێیەم کوێر:

من گەر قسە نەکەم، دەترسێم.

دووەم کویر:

دەزانن قەشە بۆ کوێ چووە؟

سێیەم کوێر:

من وابزانم ئەو دەمێکە ئێمەی جێهێشتووە!

شانۆنامەی کوێرەکان

کوێرەکان، ئەو مرۆڤانەی کە بەتەنها و لە دارستانێکی تاریکدا بەجێهێڵراون، نازانن لە کوێن، شوێن لە یادەوەریاندا بوونی نییە و ئەم نەهێنییەش هێندەی تر ترسی لە لا ورووژاندون. بەڵام لە ئەنجامدا و بەهۆی سەگێکەوە بۆیان دەردەکەوێت کە قەشەکە بۆ هیچ شوێنێك نەڕۆیشتووە و هەر لەوێدا و لە ژێر دارێکدا مردووە و گیانی تیا نەماوە. کوێرەکان کە ئەم ڕاستییەیان لە لا ئاشکرا دەبێت، دەکەونە هاوار هاوار، بەبێ ئەوەی کەس گوێی لە دەنگیان بێت.

مەرگ لای مۆریس مەترلینگ، چارەنووسی مرۆڤە، هەر لەم ڕووەشەوە مەرگ، باڵ بەسەر شانۆنامەکانیدا دەکێشێ و ئامادەگییەکی بەهێز و بەردەوامی هەیە؛ بەڵام مەرگ لە لای ئەم نووسەرە، فۆرمێکی دیاریکراو یان بەشێوەیەکی تراژیدی نابەستێتەوە بەژیانەوە، بەڵکوو مەرگ وەك مەرگ بوونێکی ئاسایی و لە هەمان کاتدا بینراوی هەیە. هیچ هۆکارێکی دیاریکراو دروست ناکات بۆ مەرگ، یان پاساو بۆ خودی مەرگ ناهێنێتەوە و هیچ کەسێکیش بەرپرسیار نییە لەو مەرگە. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە مۆریس مەترلینگ گرنگی نادات بە(کردار) بەشێوە تەقلیدییەکەی سترکتوری دراما و شانۆنامەی، بەڵکوو لەبری ئەوە، کردار دەگۆڕێت بەهەڵوێستە. هەڵوێستەکانیش تەنها دەروازەن بۆ دروستکردنی کردارەکان.

کارەکتەرەکان هیچ جۆرە کردارێکی ئەوتۆ ناکەن، بەڵکوو لە شوێنەکانی خۆیاندا و بەبێ جووڵە دەمێنێنەوە تاکوو مەرگ ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. تەنها کرداری ئەم کارەکتەرانە ئەوەیە کە هەمیشە دەیانەوێت بەسەر هەڵوێستەکاندا زاڵ بن، یان گەمارۆی هەڵوێستەکانیان بدەن.

شانۆنامەکە، گەمەیەکی پڕ لە نهێنی و تەلیسماوییە، هیچ یەکێك لە کارەکتەرەکان ناویان نییە و بەکوێری یەکەم، دووەم..... هتد ئاماژەیان بۆ دەکرێت. هەندێك جار دیالۆژەکان دەبنە چەند پارچە مەنەلۆژێکی لیریك ئامێز و لە چەند وێنەیەکدا جیهانی فەنتازیای کوێرەکان بەرجەستە دەکات. گوێمان لە دەنگی دارستان، گڤەی با و شەپۆڵی زەریا دەبێت، هەرچەندە کەسایەتییەکان کوێرن و هیچ نابینن، بەڵام بۆنی گوڵ و زەریا دەچێت بەسەریاندا، هەست بەتاریکی شەو دەکەن و دەزانن کە شەویان بەسەردا هاتووە:

کچۆڵەی کوێر:

بۆنی گوڵ لەم ناوە دێت!

یەکەم کوێر:

تەنها بۆنی زەوی دەگاتە کەپووم.

کچۆڵەی کوێر:

نا.... گوڵە! دەوروبەرمان گوڵە.

دووەم کوێر:

تەنها بۆنی زەوی دەگاتە کەپووم.

پیرێژنی کوێر:

بایە و بۆنی گوڵ لەگەڵ خۆی دێنێت.

سێیەم کوێر:

من تەنها بۆنی زەوی دەگاتە کەپووم.

پیرەمێردی کوێر:

وابزانم ژنەکان ڕاست دەکەن.

شەشەم کوێر:

گوڵەکان لە کوێن؟ دەمەوێ بیانچنم.



مۆریس مەترلینگ، وەك ئەوەی هەستی بەوە کردبێت کە دیالۆژەکانی هەموو شتێك نادات بەدەستەوە، بۆیە شانۆنامەکانی بەکۆمەڵێ وێنەی سینەمایی، سیناریۆ، ڕوونکردنەوە، دەنگ و ئامادەکردنی ئەتمۆسفێر پڕ دەکاتەوە. ئەو دوانزە کوێرە پرسیاری بەتاڵ لە چارەنووس و ئایندەی خۆیان دەکەن و هێدی هێدی لە هەڵوێستە گرانەکەی خۆیان دەگەن. هەموو وتووێژەکانیشیان، پرسیار و وەڵامەکانیان، ڕیتم و ڕێچکەیەکی خەمناك لەخۆ دەگرێت.

دووەم کوێر:

ئێستا ئێمە لەبەر هەتاوداین؟

سێیەم کوێر:

بۆچی هەتاو هێشتا ماوە؟

شەشەم کوێر:

باوەڕ ناکەم. وابزانم درەنگە.

دووەم کوێر:

ئاخۆ سەعات چەند بێ؟

کوێرەکانی دیکە:

نازانین. کەس نازانێ.

دووەم کوێر:

ئاخۆ دونیا هێشتا ڕووناکە؟ (بەشەشەم کوێر) لە کوێیت؟ ئەرێ خۆ تۆ دەتوانیت کەمێك ببینیت، دونیا ڕووناکە؟

شەشەم کوێر:

وابزانم زۆر تاریکە؛ چونکە کاتێك هەتاو دەبێ، هێڵێکی ڕوونی ئاو لە ژێر پێڵووەکانمدا دەبینم؛ بەڵام ئێستا چەند سەعاتێك تێپەڕیوە و ئەو هێڵە نابینم.

یەکەم کوێر:

هەمیشە درەنگانێ برسیم دەبێ، ئێستا برسیمە.

شانۆنامە کوێرەکان

کوێری لە شانۆنامەی کوێرەکاندا، سیمبوڵی بێ دەسەڵاتی و دابڕانی مرۆڤە، ئێمە چەندین ساڵە لەگەڵ یەکترین، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ڕوخساری یەکتریمان نەبینیوە. ئەمە دووپاتکردنەوەیەکی ڕاستەوخۆی هەتا هەتایی تەنیایی وتەنیابوونی مرۆڤە، مرۆڤ دەبێت ببینێ تا بتوانێ کەسێکی خۆش بووێت. وشە، ڕستە و دیالۆژەکان زۆرجار نابنە ئامرازێکی گوزارشت ئامێز بۆ کارەکتەرەکان، وەك تاکێك کە چاوەڕوانی وەڵامێکە، بەڵکوو لەبری ئەوە دەبێتە خولقاندنی ئەتمۆسفێرێکی وەها کە دەسەڵاتی بەسەر دەوروبەرەکەی و بەسەر هەموو کارەکتەرەکانیشدا دەشکێ. هەموو دیالۆژەکانیش، وەك لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، ڕەنگدانەوەیەکی ئاشکرای دڵەڕاوکێ، چاوەڕوانی، تەنیایی و نەزانینی چارەنووس و ئایندەیەکی نادیارە.

# کارەکتەرەکان

- قەشە
- سێ پیاوی زگماگی کوێر
- چوارەم پیاوی کوێر
- پێنجەم پیاوی کوێر
- شەشەم کوێر
- سێ پیرێژنی کوێر کە خەریکی وێرد خوێندنن
- پیرەژنێکی کوێر
- کچۆڵەیەکی کوێر
- ژنێکی شێتی کوێر لەگەڵ ساواکەیدا

## شوێنی ڕووداو

دارستانێکی زۆر دێرینی ناوچەی باکوور، لە ژێر ئاسمانێکی قووڵی پڕ ئەستێرەدا، سیمایەکی ئەزەلیی لەخۆگرتووە، لە ناوەڕاستدا و لە نێو جەرگەی شەودا، قەشەیەکی پیر دانیشتووە، لە پاڵتۆیەکی ڕەشی پانوپۆڕەوە پێچراوە، سەر و نیوە قامەتی کەمێك بەلادا کەوتووە و مردووئامێز بێ جووڵەیە و پاڵی داوە بەدار بەڕوویەکی زەبەلاح و حەشارگە ئامێزەوە.

ڕوخساری لە زەردیی ئەو شیلەیە دەچێت کە کاتێ پەڕە گوڵچەکان دەکرێنەوە دەچکێ، چاوانی جێگیر و بێ تەعبیرن، ئیدی ناڕواننە لایەنی ئەزەلیی بینراو، پێدەچێ لە ژێر باری ئازار و ئەشکەنجە و فرمێسکی زۆری ڕابردوودا، خوێناویی بووبن، قژی سپییەکی بەسام و لە شێوەی ئەڵقە ئەڵقەی خاو و دەگمەندا بەسەر ڕوخساریدا بەربووەتەوە کە ڕۆشنتر و ماندووتر دیارە لە ڕوخساری هەموو ئەوانی تر کە لە نێو بێدەنگییەکی زیت و دڵتەنگی نێو دارستان، دەوریان داوە. دەستە لاوازەکانی بەشێوەیەکی ڕەق نووساون بەڕانییەوە، لە لای ڕاستەوە شەش پیری کوێر لەسەر بەرد و بنە داری بڕدراو و گەڵا دانیشتوون، لە لای چەپ بەرامبەر ئەمان، شەش ژن بەهەمان شێوە کوێر دانیشتوون و درەختێکی ڕیشەکێشکراو، کۆمەڵە بەردێك لەوانیان جیا دەکەنەوە. سیانیان نوێژ دەکەن و بەدەنگێکی نزم بەردەوام دەگرین و دەنووزێنن، یەکێکی تریان زۆر پیرە، پێنجەمیان لە حاڵەتی شێتییەکی بێدەنگدایە، مناڵێکی نوستووی لە باوەشدایە، شەشەمیان لە جوانییەکی گەشاوەی لاوێتیدایە، قژی تەواوی جەستەی داپۆشیوە، ئەمانیش وەك پیرەکان جلکی سادە و تاریك و یەك شێوەیان لەبەردایە، زۆربەیان ئانیشکیان لەسەر ئەژنۆیان داناوە و ڕوخساریشیان لەسەر دەستیان، وەك ئەوەی عادەتی هەڵسوکەوت و جووڵە بێ ماناکانیان لە دەست دا بێ، سەریان بەلای ورتە ورت و دەنگە خنکێنەر و دردۆنگی ئامێزەکانی دوورگەکە وەرناگێڕن. چەند درەختێکی گەورەی ماتەم ئامێز،

بەسێبەرە وەفادارەکانیان دایان دەپۆشن. لە نێو شەودا و لە نزیك قەشەوە باوەشێك ئەسفۆدیلی درێژ و نەخۆشئامێز گوڵیان کردووە. لە ڕادەبەدەر تاریکە. سەرباری تریفەی مانگ کە لێرە و لەوێ دەکۆشێ بۆ چەند ساتێك شەوەزەنگی نێو دار و لق و گەڵاکان وەلا بنێ.

یەکەم کوێر:

هێشتا ئەو نەگەڕاوەتەوە؟

دووەم کوێر:

بێدارتان کردمەوە.

سێیەم کویر:

منیش نووستبووم.

یەکەم کوێر:

هێشتا نەگەڕاوەتەوە؟

دووەم کوێر:

هیچ گوێم لێ نەبووە بگەڕێتەوە.

سێیەم کوێر:

کەواتە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بگەڕێینەوە جێگاکەی خۆمان.

یەکەم کوێر:

لەو کاتەوە ئەو ڕۆیشتووە هەوا سارد بووە.

پیرەمێردی کوێر:

پێم بڵێن، ئێستا ئێمە لە کوێداین؟

پیرێژنی کوێر:

ماوەیەکی زۆرە بەڕێگەوەین، دەبێ ئێستا لە جێگاکەی خۆمانەوە زۆر دوور بین!

یەکەم کویر:

ژنەکان هەر لە بەرامبەرمانن؟

پیرێژنی کوێر:

بەڵێ ئێمە بەرامبەر ئێوە دانیشتووین.

یەکەم کوێر:

ئارام بگرن، من دێمە بەردەم ئێوە (دەوەستێ و کوێرە کوێرە دەچێتە پێش) لە کوێن؟ پێم بڵێن.... بزانم لە کوێن؟

پیرێژنی کوێر:

ئەوەتاین، لێرە لەسەر بەردەکان دانیشتووین.

یەکەم کوێر:

*(کوێرە کوێرە دەچێتە پێش و خۆی لە ڕەگی درەخت و گابەردەکە دەدا)* شتێك بەری لێ گرتووین.

دووەم کوێر:

باشتر وایە لە جێگەکەی خۆتدا بمێنیتەوە!

سێیەم کوێر:

لە کوێ دانیشتوون؟ ئێوە دەتانەوێ بێنە بەردەم ئێمە؟

پیرێژنی کوێر:

ئێمە ناوێرین جێگەکەی خۆمان بەجێ بهێڵین.

سێیەم کوێر:

باشە ئەو بۆچی ئێمەی لە یەکتری جیا کردەوە؟

یەکەم کوێر:

گوێم لێیە ژنەکان وێرد دەخوێنن.

دووەم کوێر:

بەڵێ، سێ پیرەژن وێرد دەخوێنن.

یەکەم کوێر:

ئێستا کاتی وێرد خوێندن نییە.

دووەم کوێر:

ئێوە دەبێ لە ژووری نووستندا وێرد بخوێنن.

(*سێ پیرێژنەکە لەسەر وێرد خویندنەکەیان بەردەوام دەبن*)

سێیەم کوێر:

دەمەوێ بزانم، من لای کێوە دانیشتووم؟

دووەم کوێر:

وابزانم من لای ئێوەم (*کوێرە کوێرە دەست بەملاولادا دەگێرێ*)

سێیەم کوێر:

ئێمە یەکترمان بۆ نادۆزرێتەوە.

یەکەم کوێر:

خۆ هێندەش لە یەکتری دوور نەکەوتینەتەوە؟ (*کوێرە کوێرە بەدەوری خۆیدا دەبزوێ وگۆچانەکەی بەر کوێری پێنجەم دەکەوێ، نالەیەکی بێ ئاگایی لێ هەڵدەستێ*) کەڕە لە بەردەم ئێمەدا دانیشتووە؟ من هەموو شتێك نابیستم... باشە خۆ ئێمە شەش کەس بووین!

دووەم کوێر

ئەها، ئێستا تێدەگەم. با لە ژنەکانیش بپرسین. ئادەمیزاد پێویستە بزانێت لە کوێدایە! دەنگی سێ ژن دەبیستم کە هێشتا هەر وێرد دەخوێنن. ئێوە لە تەنیشت یەکتر دانیشتوون؟

پیرەژنی کوێر:

من لەسەر گەڵای وشك و ژاکاو دانیشتووم.

سێیەم کوێر:

کچە جوانە کوێرەکە لە کوێیە؟

پیرەژنی کوێر:

لە بەردەم ئەو ژنانەیە کە وێرد دەخوێنن.

سێیەم کوێر:

ئەدی شێتە و ساواکەی لە کوێن؟

پیرەژنی کوێر:

نوستووە، بێداری مەکەوە!

یەکەم کوێر:

ئەی ئێوە لە کوێن؟ وابزانم لە بەردەم مندا دانیشتوون.

سێیەم کوێر:

ئێمە ئێستا وا خەریکە لەو شتە تێدەگەین کە دەمانویست تێی بگەین. تا قەشە دەگەڕێتەوە، با ئێمە کەمێك بەیەکەوە بدوێین!

پیرەژنی کوێر:

قەشە پێی گوتین کە دەبێ بێدەنگ دانیشین و چاوەڕوانیی بکەین.

سێیەم کوێر:

خۆ ئێمە لە کەنیسە نین؟

پیرەژنی کوێر:

ئێوە نازانن ئێمە لە کوێین؟

سێیەم کوێر:

من گەر قسە نەکەم، دەترسێم.

دووەم کوێر:

دەزانن قەشە بۆ کوێ چووە؟

سێیەم کوێر:

من وابزانم ئەو دەمێکە ئێمەی بەجێهێشتووە!

یەکەم کوێر:

زۆر پیر بووە. من وای بۆ دەچم کە ئەویش دوای ماوەیەکی دیکە توانای بینینی نامێنێت، ئامادەش نییە ئەم مەسەلەیە ئاشکرا بکا، دەترسێ کەسێکی دیکە جێگەی بگرێتەوە. وابزانم، ئەویش خەریکە کوێر دەبێت و ئێتر پێویستیمان بەرێنوێنێکی دیکە دەبێت. لەبەرئەوەی ژمارەمان زۆرە، گوێ لە قسەکانمان ناگرن. ئەم و سێ خوشکە ڕاهیبەکە، تاقە کەسانێك کە دەتوانن ببینن، هەمووشیان لە ئێمە پیرترن. من دڵنیام کە ئەو ئێمەی بەهەڵە بۆ ئێرە هێناوە و ئیستا خۆیشی بەدوای ڕێگەکەدا دەگەڕێ. بۆ کوێ چوو؟ ئەو مافی ئەوەی نییە کە ئێمە ئاوها بەتەنها بەرەڵا بکات.

پیرەمێردی کوێر:

زۆر دوور کەوتووەتەوە. من وای بۆ دەچم کە بە ژنەکانی گوتبێ بۆ کوێ چووە!

یەکەم کوێر:

تەنها لەگەڵ ژنەکان قسە دەکات. کەواتە ئێمە لێرە چین؟ دەبێ شکاتی لێ بکەین!

پیرەمێردی کوێر:

لای کێ شکات بکەین؟

یەکەم کوێر:

من تا نەبینم نازانم. باشە ئێستا بۆ کوێ چووە؟ لە ژنەکان دەپرسم!

پیرەژنی کوێر:

ماندوو بووە هێندە بڕوا. وا تێدەگەم ئا لێرەدا، لە نێوانماندا نووستبێ.

چەند ڕۆژێکە لاواز و خەمبار دیارە. لەو ساتەوەی دکتۆر مردووە، ترسێك باڵی بەسەردا کێشاوە. ئەو تەنیایە، کەم دەدوێ. بەڕاستی نازانم چی لێ قەوماوە! ئەمڕۆ ویستی هەرچۆنێك بێ لە هەوای ئازاددا پیاسەیەك بکا، گوتی پێش ئەوەی زستان دابێت، جارێکی تر دوورگەکە لە کاتی ڕووناکیی هەتاودا ببینێ، گوتی کە جۆرە هەستێکی هەیە، بەوەی زستانێکی سارد و درێژخایەنمان لە پێشە. زۆر ناڕەحەت بوو، گوتی کە بیستوویەتی ڕووبارەکە پاش ئەو زریانە گەورەیە لافاوی کردووە و بەنداوەکەی ڕووخاندووە، دیسانەوە زەریاش ئەوی نائارام کردووە، چونکە ئاوی زەریا بێ هۆ هەڵدەچێ و تاشە بەردەکانی کەناریش کە بەئەندازەیەکی ئەوتۆ بڵند نین. بڕیاری دا بڕوات لە نزیکەوە بیبینێ؛ بەڵام ئیتر بۆی نەگێڕاینەوە کە چی دیکەی بینیووە. بۆ ئەوەش دەچم کە چووبێ ئاو و نان بۆ شێتە بهێنێ. گوتی بۆ ئەم مەبەستە، لەوانەیە ناچار بێ، ڕێیەکی درێژ ببڕێ، ئێمەیش دەبێ چاوەڕوانی بین.

کچۆڵەی کویر:

کاتێ ویستی بڕوا، وەك ئەوەی بترسێ دەستەکانی دەلەرزین، پاش ئەوە ماچی کردم.

یەکەم کوێر:

وەی وەی...

کچۆڵەی کوێر:

لێم پرسی:"چی بووە؟" گوتی: "نازانم". پاشان گوتی لەوانەیە ئێتر سەروەرێتیی پیرەمێردان تەواو ببێ.

یەکەم کوێر:

مەبەستی لەم قسەیە چ بوو؟

کچۆڵەی کوێر:

لە مەبەستی نەگەیشتم. پێی گوتم کە دەیەوێ بۆ بورجی زەریا بچێ.

یەکەم کوێر:

ئاخۆ لێرە بورجی زەریایی هەیە؟

کچۆڵەی کوێر:

بەڵێ، لە باکوری دوورگەکەیە، وای بۆ دەچم کە ئێمە زۆر لێیەوە دوور نەبین. ئەو گوتی کە دەتوانێت لێرەوە بەباشی ڕووناکیی بورجەکە ببینێ. هیچ کاتێك ئەوم بەو شێوە خەمبارەی ئەمڕۆ نەبینیوە. وابزانم چەند ڕۆژێکە دەگری. من خۆیشم نازانم بۆ، گریام. کاتێك ڕۆیشت دەنگی تەپەی پێیم بیست، ئیدی هیچی ترم لێ نەپرسی. پێکەنینە ماخۆلیانەکەیم هەست پێ کرد. هەستم کرد چاوانی لێك نا و ئارەزووی کرد بێدەنگ بێ.

یەکەم کوێر:

هیچی بەئێمە نەگوت.

کچۆڵەی کوێر:

ئەو کە دەدوێ، ئێوە گوێ لە قسەکانی ناگرن!

پیرەژنی کوێر:

کە دەدوێ، ئێوە لە فسکە فسکی خۆتان ناکەون!

دووەم کوێر:

کاتێ ڕۆیشت، جگە لە شەوباش هیچی دیکەی نەگوت.

سێیەم کوێر:

دەبێ کات زۆر درەنگ بێ.

یەکەم کوێر:

کاتێ ڕۆیشت، دوو یان سێ جار شەوباشی کرد، وەك ئەوەی بیەوێ بچێ بنوێ. کاتێ گوتی: "شەوباش" هەستم کرد نیگای دەبینم. کە ئاوازی دەنگی دەگۆڕا، بەجۆرێك بوو وەك ئەوەی بەوردی تێم بڕوانێ.

پێنجەم پیاوی کوێر:

ڕوحم بەکوێرەکان بکە!

یەکەم کوێر:

ئەوە کێیە قسەی پووچ و بێ مانا دەکا؟

دووەم کوێر:

وابزانم کەڕەیە.

یەکەم کوێر:

بێدەنگ بە! ئێستا کاتی سواڵ نییە.

سێیەم کوێر:

چووە بۆ کوێ نان و ئاو بێنێ؟

پیرەژنی کوێر:

ڕووەو زەریا چووە.

سێیەم کوێر:

نابێ کەسێك لە تەمەنی ئەودا ڕووەو زەریا بڕوا!

دووەم کوێر:

ئێمە لە نزیك زەریاوەین؟

پیرەژنی کوێر:

بەڵێ، ساتێك بێدەنگ بە، بەڵکوو هاژەی زەریامان گوێ لێ بێ! *(بەهێواشی دەنگی لێدانی شەپۆل بەتاشەبەردەکانا دەگاتە گوێ).*

دووەم کوێر:

تەنها دەنگی وێرد خوێندنی ئەم پیرەژنانە دەبیستم.

پیرەژنی کوێر:

ئەگەر باش گوێ ڕادێریت، لە توێی وێردی ئەواندا، دەنگی زەریا دەبیستی.

دووەم کوێر:

بەڵێ ئێستا بیستم. ئێمە لە زەریاوە دوور نین.

پیرەمێردی کوێر:

زەریا نوستبوو، ئێستا دەبێ بڵێین بێدار بووەتەوە.

یەکەم کوێر:

کارێکی باشی نەکردووە کە ئێمەی بۆ ئێرە هێناوە. من ئەم دەنگەم پێ خۆش نییە.

پێرەمێردی کوێر:

تۆ دەزانیت دوورگەکە گەورە نییە. ئادەمیزاد کە چوار دیواری نەخۆشخانەکە جێ دێڵێ و دێتە دەرێ، گوێی لە دەنگێ زەریا دەبێت.

یەکەم کوێر:

من هێچ کاتێك دەنگی زەریام نەبیستووە، ئەمڕۆ وەك ئەوەیە لە تەنیشتمان بێت، حەز ناکەم دەنگی ئەو لە تەنیشتمانەوە ببیستم.

دووەم کوێر:

منیش بەهەمان شێوە. خۆ ئێمە داوامان لێ نەکردبوو کە ئەمڕۆ لەگەڵمان بێتە دەرێ.

سێیەم کوێر:

ئێمە تا ئێستا تا ئێرە هاتووین، پێویست نەبوو بەم ئەندازەیە دوورمان بخاتەوە.

پیرەژنی کوێر:

ئەمڕۆ بەیانی، هەوا زۆر خۆش بوو، ویستی پێش ئەوەی کە زستان لە نێو چوار دیواری خانوودا زیندانیمان کات، بەباشی چێژ لەم ڕۆژە هەتاوییانەی دوایی وەربگرین.

یەکەم کوێر:

ئێمە وامان بەباشتر دەزانی کە لە خانووەکەدا بمێنینەوە.

پیرەژنی کوێر:

نیازی وابوو کەمێك ئەو دوورگە بچکۆلەیەی تێیدا دەژین، بناسین. ئەو خۆیشی بەهەمان شێوە، وەك باسی کرد، هەموو جێگایەکی ئەم دوورگەیەی نەبینیوە، دەیگوت: ″کێوێك لێرە هەیە تا ئێستا کەس بەسەریدا هەڵنەزناوە. دۆڵی وا ترسناکی تێدایە کە هیچ کەسێك جەسارەت ناکا پێیاندا بڕوات. ئەم دوورگەیە ئەشکەوتی وای تێدایە کە تا ئێستا هیچ کەسێك نەچووەتە ناوی!″؛ بەڵام مەزەندەی وابوو کە نابێ هەموو ڕۆژێك لە ژێر ساپیتەی ژووری نووستندا بگوزەرێنین! گوتی: ″بەرەو کەناری زەریاتان دەبەم″. ئێستا ئەو خۆی بەرەو ئەوێ چووە.

پێرەژنی کوێر:

ئەمە مافی خۆیەتی، چونکە هەرکەسێ لە سەرەتادا بیر لە خۆی دەکاتەوە.

یەکەم کوێر:

بەڵام ئەم هاتنە دەرەوەیەمان هیچ شتێکی خرۆشێنەری تێدا نییە.

دووەم کوێر:

ئێستا ئێمە لەبەر هەتاوداین؟

سێیەم کوێر:

بۆچی هەتاو هێشتا ماوە؟

شەشەم کوێر:

باوەڕ ناکەم، وابزانم درەنگە.

دووەم کوێر:

ئاخۆ سەعات چەند بێ؟

کوێرەکانی دیکە:

نازانین. کەس نازانێ.

دووەم کوێر:

ئاخۆ دونیا هێشتا ڕووناکە؟ (بەشەشەم کوێر) لە کوێیت؟ ئەرێ خۆ تۆ دەتوانیت کەمێك ببینیت، دونیا ڕووناکە؟

شەشەم کوێر:

وابزانم زۆر تاریکە. چونکە کاتێك هەتاو دەبێ هێڵێکی ڕوونی ئاو لە ژێر پێڵووەکانمدا دەبینم. بەڵام ئێستا چەند سەعاتێك تێپەڕیوە و ئەو هێڵە نابینم.

یەکەم کوێر:

هەمیشە درەنگانێ برسیم دەبێ، ئێستا برسیمە.

سێیەم کوێر:

سەیری ئاسمان بکەن، لەوانەیە شتێك ببینن.

*(سێ کوێر زگماگەکە نەبێ کە نیگایان لەسەر زەوی هەڵنابڕن، ئەوانی تر هەموو ڕووەو ئاسمان دەنۆڕن).*

شەشەم کوێر:

من دڵنیا نیم کە ئێمە لە ژێر ئاسماندا بین.

یەکەم کوێر:

دەڵێی لە ناو ئەشکەوتێکداین، دەنگەکان دەنگ دەدەنەوە.

پیرەمێردی کوێر:

وابزانم شەو درەنگە، بۆیە دەنگەکان دەنگ دەدەنەوە.

کچۆڵەی کوێر:

هەست دەکەم تریفەی مانگ لەسەر دەستەکانم دەدرەوشێتەوە.

پیرەژنی کوێر:

مەزەنە دەکەم، ئەستێرەکان دەزریوێنن، دەیانبیستم.

کچۆڵەی کوێر:

منیش بەهەمان شێوە.

یەکەم کوێر:

من هیچ شتێك نابیستم.

دووەم کوێر:

من تەنها دەنگی هەناسەمان دەبیستم.

پیرەمێردی کوێر:

وابزانم ژنەکان ڕاست دەکەن.

یەکەم کوێر:

تا ئێستا زریوەی ئەستێرەم نەبیستووە.

دووەم و سێیەم کوێر:

ئێمەیش بەهەمان شێوە.

*(لە پڕ، پۆلێك پەلەوەری شەو لەسەر درەختەکان دەنیشنەوە)*

دووەم کوێر:

گوێ ڕادێرن، گوێ ڕادێرن... چی بەژوور سەرمانەوەیە! دەبیستن؟

پیرەمێردی کوێر:

شتێك بەنێوان ئێمە و ئاسماندا تێپەڕی.

یەکەم کوێر:

بەم دەنگە ئاشنا نیم، حەزم دەکرد بمتوانیایە بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە.

دووەم کوێر:

خۆزگە بمانزانیایە ئێمە لە کوێین!

شەشەم کوێر:

هەوڵمدا هەستمە سەر پێ و بووەستم، بەڵام دەوروبەرم پڕە لە دڕکەزی، نەموێرا دەستم زیاتر درێژ بکەم.

سێیەم کوێر:

بەڵێ، خۆزگە بمانزانیایە لە کوێین؟

پیرەمێردی کوێر:

ئاخر چۆن بتوانین بزانین لە کوێین؟

شەشەم کوێر:

دەبێ زۆر لە ماڵ دوور کەوتبینەوە. من هیچ دەنگێك نابیستم.

سێیەم کوێر:

ماوەیەکە بۆنی گەڵای ژاکاو دەکەم.

شەشەم کوێر:

ئاخۆ کەسێك هەیە لەمەوپێش ئەم دوورگەیەی بینیبێ و بتوانێ پێمان بڵێ ئێمە لە کوێین؟

پیرەمێردی کوێر:

ئەو کاتەی هاتینە ئەم دوورگەیە هەمووومان کوێر بووین.

یەکەم کوێر:

ئێمە هەرگیز چاومان نەبووە.

دووەم کوێر:

حەزناکەم ئێمە بەخۆڕایی خۆمان سەخڵەت بکەین. دوو هەنگاوە و دەگەڕێینەوە. کەمێکی تر ئارام دەگرین، بەڵام چیتر لەگەڵی نایەینە دەرەوە.

پیرەمێردی کوێر:

بەڵام ناتوانین چیتر بەتەنها بێینە دەرێ.

یەکەم کوێر:

هەرگیز نایەینە دەرێ. من چیتر نایەم.

دووەم کوێر:

ئێمە بەهیچ جۆرێك پەیوەندیمان بەهاتنە دەرەوەوە نییە، کەسیش داوای لەو نەکردووە کە بمانباتە دەرەوە.

پیرەمێردی کوێر:

ئاخر ئەمڕۆ لە دوورگەکەدا جەژنە، ڕۆژانی جەژنیش هەمیشە هاتووینەتە دەرەوە.

سێیەم کوێر:

بەیانی زوو هات و تەکانیدام، گوتی: ″وەئاگا بەوە، هەتاوە.″ ئایا بەڕاستی هەتاو بوو؟ هیچ تێ نەگەیشتم، تا ئێستا خۆرم نەبینیوە، من تەنها کاتێك منداڵ بووم خۆرم بینیوە.

پیرەمێردی کوێر:

منیش بەهەمان شێوە، کاتێك منداڵێکی گچکە بووم، خۆرم بینیوە؛ بەڵام لەوساوە کاتێکی زۆر تێپەڕیوە، بەزەحمەت ئەوەم دێتەوە یاد.

سێیەم کوێر:

ئاخۆ هەر کاتێك هەتاو بێت دەبێ بێینە دەرێ؟ ئەمە چ سوودێکی

بۆ ئێمە هەیە. من کاتێ دێمە دەرێ، هەرگیز نازانم نیوەڕۆیە یان نیوەشەو.

شەشەم کوێر:

من وای بەباش دەزانم نیوەڕۆیان بێینە دەرێ، لەو کاتانەدا ڕۆشنایی زیاتر هەست پێدەکەن و پێڵووەکانم لە ژێر کاریگەریی ڕووناکیدا دەبزوون و دەکرێنەوە.

سێیەم کوێر:

من وای بەباشتر دەزانم لەبەر ئاگردا دانیشم.

دووەم کوێر:

ئێستا ناتوانێ لە نێو حەوشەی ماڵەوەدا بمانخاتە بەر هەتاو؟ ئەوێ دەوری بەدیوار ئابڵۆقە دراوە و دەرگاکانیشی هەمیشە داخراون، ئادەمیزاد ناتوانێ بێتە دەرێ و ئاکامەکەشی ترسناك نییە. من هەمیشە دەرگاکە دادەخەم. بۆچی دەستی چەپم دەگریت؟

یەکەم کوێر:

حەقم بەسەرتانەوە نییە. خۆ من هەرگیز ناتوانم لەسەر جێگاکەم تەکان بدەم، تا نزیکی ئێوە ببمەوە.

دووەم کوێر:

پێتان دەڵێم... کەسێك باسکی منی گرت.

یەکەم کوێر:

ئێمە نەبووین.

دووەم کوێر:

حەزم دەکرد بمتوانیایە لێرە بڕۆم.

پیرەژنی کوێر:

خوایە، خوایە! دەبا کەسێك پێمان بڵێ ئێمە لە کوێین؟

یەکەم کوێر:

ناتوانین تا ئێوارە چاوەڕێ بکەین.

*(زەنگی کاتژمێر لە جێگایەکی دوورەوە، سەعات دوانزە ڕادەگەیەنێ).*

پیرەژنی کوێر:

وای.. زۆر لە ماڵەوە دوورین.

پیرەمێردی کوێر:

نیوەشەوە.

دووەم کوێر:

ڕەنگە نیوەڕۆ بێ. داخۆ کەسێك نییە بزانێ سەعات چەندە؟ قسە بکەن!

شەشەم کوێر:

من نازانم، بەڵام وا تێدەگەم کە ئێمە هەموومان لە تاریکیدا دانیشتووین.

یەکەم کوێر:

من لەبەر ئەوەی زۆر نوستووم، زەمەنم لە دەست چووە.

دووەم کوێر:

من برسیمە.

کوێرەکانی دیکە:

ئێمە هەموومان برسیمانە... تینووشمانە.

دووەم کوێر:

ئێمە لە مێژە لێرەین.

پیرەژنی کوێر:

من وا هەست دەکەم ساڵانێکی زۆرە لێرەم.

شەشەم پیاوی کوێر:

خەریکە وردە وردە تێدەگەم لە کوێین.

سێیەم کوێر:

پێویستە بەرەو ئەو لایە ببزوێین کە سەعاتی نیوەشەوی ڕاگەیاند

(*لە ناکاو پەلەوەرانی شەو دەنگێکی کپیان لێ هەڵدەسێ*)

یەکەم کوێر:

گوێتان لێیە؟ گوێتان لێیە؟

دووەم کوێر:

ئێمە لێرە تەنیا نین.

سێیەم کوێر:

دەمێکە هەست دەکەم کە کەسێك گوێی لە قسەکانمان گرتووە.

لەوانەیە ئەو گەڕابێتەوە.

یەکەم کوێر:

نازانم چییە! لەوانەیە بەسەر سەرمانەوە بێ!

دووەم کوێر:

ئەرێ ئێوە کە هەمیشە بێ دەنگن، شتێکتان گوێ لێ نەبووە؟

پیرەمێردی کوێر:

دەمانەوێ گوێ ڕادێرین.

کچۆڵەی کوێر:

من دەنگی باڵ لێکدانی پەلەوەرەکانی دەوروبەری خۆم دەبیستم.

پیرەژنی کوێر:

خوایە، خوایە! بڵێ لە کوێین؟

شەشەم کوێر:

دەمەوێ تێبگەم لە کوێین؟ خانووەکەمان لەوبەری ڕووبارە گەورەکەوەیە، لە پردە کۆنەکەوە هاتووینەتە ئەمبەر. ئەو ئێمەی بەرەو باکووری دوورگەکە هێناوە. لە ڕووبارەکەوە دوور نین. لەوانەیە بتوانین گوێمان لە دەنگی بێ. با کەمێك بێدەنگ بین بۆ ئەوەی دەنگی ئەوەمان گوێ لێ بێ. گەر نەگەڕایەوە، پێویستە بەرەو کەنار بڕۆین. چونکە شەو و ڕۆژ کەشتی ڕەت دەبن و کەشتیوانەکان لە کەناردا دەمانبینن. لەوانەشە ئێمە ئێستا لەو دارستانەدا بین کە لە دەوری بورجی زەریاکەدایە، بەڵام ئەو ڕێگەیە نادۆزینەوە کە بەبورجەکە کۆتایی دێ. ئەرێ کەس بەدوامدا دێت؟

یەکەم کوێر:

وا باشترە دانیشین و چاوەڕێ بکەین. بەڵێ، چاوەڕێ بکەین. نازانین ڕووبارە گەورەکە کەوتووەتە کوێوە، چاوەڕێ دەکەین، بەڵێ وا باشترە چاوەڕێ بکەین. ئەو دەگەڕێتەوە، هەر دەبێ بگەڕێتەوە.

شەشەم کوێر:

باشە، کەس ئەو ڕێگەیەی نایەتەوە یاد کە پیایدا هاتین؟ خۆ کاتێ هاتین ئەو بەدەم ڕێوە باسی ڕێگەکەی بۆ کردین! ئێمە خۆمان لە بیرمان نەماوە.

یەکەم کوێر:

من هەستی خۆمم کۆ نەکردووەتەوە.

شەشەم کوێر:

ئاخۆ کەس گوێی لە قسەکانی ئەو ڕاگرتووە تا شارەزای ڕێگاکە بێ؟

سێیەم کوێر:

پێویستە لەمەودوا باش گوێی لێ ڕابگرین!

شەشەم کوێر:

کەس لە ئێمە لەم دوورگەیە لە دایك نەبووە؟

پیرەمێردی کوێر:

تۆ دەزانیت کە ئێمە هەموومان لە دەرەوەی ئەم دوورگەیەوە هاتووین.

پیرەژنی کوێر:

ئێمە لەوبەری زەریاوە هاتووین.

یەکەم کوێر:

منیش زەریام بڕی ئینجا گەیشتمە ئێرە.

دووەم کوێر:

منیش بەهەمان شێوە. ئێمە پێکەوە هاتووین.

سێیەم کوێر:

ئێمە هەرسێکمان لە یەك جێگاوە هاتووین.

یەکەم کوێر:

دەبێ لە هەوای پاكژدا کەنیسەکەمان لێوە دیار بێ، کەنیسەکە کەوتووتە باکوورەوە و بورجی نییە.

سێیەم کوێر:

ئێمە بەڕێکەوت کەوتووینەتە ئەم دوورگەیە.

پیرەژنی کوێر:

من لەوبەرەی دیکەوە هاتووم.

دووەم کوێر:

تۆ لە کوێوە هاتوویت؟

پیرەژنی کوێر:

چیتر نامەوێ بیری لێ بکەمەوە، هەرگیز نایهێنمەوە یادم. لە مێژە... ئەوێ لێرە ساردتر بوو.

کچۆڵەی کوێر:

من لە جێگایەکی دوورەوە هاتووم.

دووەم کوێر:

تۆ لە کوێوە هاتوویت؟

کچۆڵەی کوێر:

نازانم بە چ شێوەیەك پێتان بڵێم! ناتوانم بۆتان باس کەم، زۆر لێرەوە دوورە، لەوپەڕی زەریاوەیە. من لەسەر زەمینێکی گەورەوە هاتووم. ماوەیەك کوێر بووم، بەڵام خۆرم دیوە. ئاو، ئاگر، کێو، ڕوخساری ئادەمیزاد و گوڵی ڕەنگینم بینیون. جۆری ئەو گوڵانەی کە من بینیومن لەم دوورگەیەدا دەست ناکەون. چونکە ئێرە سارد و تاریکە. لەو کاتەوەی چاوم کوێر بووە، چیتر بۆنی ئەو گوڵانەم نەکردووە. من باوك و دایك و خوشك و برای خۆمم بینیون. ئەو کاتە گچکە بووم و نەمدەزانی لە کوێم. بۆ کەناری زەریا ڕۆیشتم و یاریم کرد. چەند باش چاوەکانم بیر دەکەوێتەوە! ڕۆژێ لە ترۆپکی کێوێکدا ڕاوەستابووم و تەماشەی بەفرم دەکرد، ویستم ئەو کەسانە بناسم کە دەیانویست بەدبەخت ببن.

یەکەم کوێر:

مەبەستت چییە؟

کچۆڵەی کوێر:

ئەگەر دەنگیان ببیستمەوە، دەیانناسمەوە. بیرەوەرییەکی وام هەیە کە ئەگەر بیریان لێ بکەمەوە.. زیاتر ڕوون دەبنەوە.

یەکەم کوێر:

من خاوەنی هیچ بیرەوەرییەك نیم.

*(پۆلێکی گەورەی پەلەوەرانی شەو خۆیان لە چڵە پۆپەی درەختەکان دەدەن و تێدەپەڕن)*

پیرەمێردی کوێر:

دیسان شتێك لە هەوادا پەیدا بوو.

دووەم کوێر:

ئێوە بۆچی هاتنە ئێرە؟

پیرەمێردی کوێر:

دەتەوێت پرسیار لە کێ بکەیت؟

دووەم کوێر:

لەم کچۆڵەیە.

کچۆڵەی کوێر:

پێیان گوتم کە ئەو دەتوانێ چارەسەرم بکات، ئەویش پێی گوتم کە دەتوانم سەرلەنوێ ببینم. گوتم: کاتێ هێزی بینین بەدەست دێنمەوە دوورگەکە جێ دێڵم.

یەکەم کوێر:

ئێمە هەموومان هیوا دەخوازین کە لەم دوورگەیە بچینە دەرەوە.

دووەم کوێر:

بەڵام لەگەڵ ئەوەش تا هەتایە هەر لێرە دەمێنینەوە.

سێیەم کوێر:

ئەو زۆر پیرە، تازە پێی ناکرێ چارە بۆ ئێمە بدۆزێتەوە.

کچۆڵەی کوێر:

پێڵووەکانم داخراون، بەڵام هەست دەکەم، چاوانم ژیانیان تێدایە.

یەکەم کوێر:

چاوانی من کراوەن.

دووەم کوێر:

من بەچاوی کراوەوە دەنووم.

سێیەم کوێر:

با قسە لە بارەی چاومانەوە نەکەین!

دووەم کوێر:

تۆ ماوەیەکی زۆر نییە لێرەیت؟

پیرەمێردی کوێر:

دەمەوعەسرانێك کاتی نوێژ، لە نێو دەنگی ژنەکانەوە دەنگێکم بیست کە تا ئەو کاتە نەمبیستبوو. ئەوە دەنگی ئێوە بوو، کە زۆر جوان دەهاتە گوێ. کاتێ دەنگی ئێوەم بیست حەزم دەکرد بتوانم بتانبینم.

یەکەم کوێر:

ئاگادار نەبووم.

دووەم کوێر:

ئەو نەیهێشت.

شەشەم کوێر:

دەڵێن تۆ ئافرەتێکی زۆر جوانیت و لەسەرزەمینێکی دوورەوە هاتوویت.

کچۆڵەی کوێر:

هیچ کاتێك خۆم نەبینیوە.

پیرەمێردی کوێر:

هیچ کاتێك یەکترمان نەبینیوە. پرسیار لە یەکتری دەکەین و وەڵامی یەکتر دەدەینەوە. پێکەوە دەژین، هەمیشە لەگەڵ یەکترین، لەبەر ئەوەی یەکتر ناناسین، تەنانەت ئەگەر دەستیش لە یەکتر بدەین، ناتوانین یەکتر بناسینەوە، چونکە چاو لە دەست زیاتر ئاگادار دەبێتەوە.

شەشەم کوێر:

هەندێ سات، کاتێ ئێوە لەبەر هەتاودا دەوەستن، شێوەتان دەبینم. ئێمە قەت ئەو خانووەمان نەبینیوە کە تیایدا دەژین، تەنانەت کە دەست لە دیواری خانووەکەش دەدەین هەر ناتوانین بزانین لە کوێ دەژین!

پیرەمێردی کوێر:

دەبێ کۆشکێکی دێرین و هەژارانە بێ، جگە لە ژووری قەشەکان هیچ چرایەکی دیکەی لێ نییە و تاریکە.

یەکەم کوێر:

ئادەمیزاد کە نەتوانێ ببینێ، چرا بەکەڵکی چی دێ؟

شەشەم کوێر:

کاتێ لە کەناری خانووەکەوە دوای ڕانە مەڕەکە دەکەوم و بۆ پیاسە دەچم، دەمەوعەسر مەڕەکان ڕووناکیی چراکە دەبینن و دەگەڕێنەوە ماڵەوە، منیش بێ ئەوەی ڕێگە بزر بکەم لەگەڵ ئەوان دەگەمەوە ماڵ.

پیرەمێردی کوێر:

ساڵانێکە لەگەڵ یەکترین و تا ئێستا یەکتریمان نەبینیوە.

ڕاستییەکەی ئێمە هەردەم تەنیاین. ئادەمیزاد پێویستە ببینێ بۆ ئەوەی بتوانێ خۆشەویستی بکا.

پیرەژنی کوێر:

هەندێ جار وادەزانم کە دەبینم.

پیرەمێردی کوێر:

من تەنها لە خەوندا دەبینم.

یەکەم کوێر:

منیش زۆربەی نیوەشەوان لە خەوندا ڕۆ دەچم

(*وژەی با دێ و گەڵای درەختەکان دەوەرێنێت*)

پێنجەم کوێر:

ئەوە کێ بوو دەستی گرتم؟

یەکەم کوێر:

شتێك لامەوە کەوت.

پیرەمێردی کوێر:

لەسەرەوە هات، نازانم چییە!

پێنجەم کوێر:

ئەوە کێ بوو دەستی گرتم؟ دەیەوێ خەوم بزڕێنێ. بهێڵە بنووم.

پیرەمێردی کوێر:

کەس دەستی تۆی نەگرتووە.

پێنجەم کوێر:

ئەوە کێ بوو دەستی گرتم؟ بەدەنگی بەرز وەڵام بدەوە. من گوێم قورسە.

پیرەمێردی کوێر:

ئێمە خۆیشمان نازانین.

پێنجەم کوێر:

تۆ بڵێی کەسێك هەواڵێکی بۆ هێنابین؟

یەکەم کوێر:

لەبەر ئەوەی گوێی لێ نییە، وەڵامدانەوەی سوودی نییە.

سێیەم کوێر:

بەڕاستی کەرەکان بەدبەختن.

پیرەمێردی کوێر:

لە دانیشتن ماندوو بووم.

شەشەم کوێر:

ماندوو بووم هێندەی لێرە بمێنمەوە.

دووەم کوێر:

مەزەندە دەکەم ئێمە دوور لە یەکتری دانیشتبین. با هەوڵ بدەین نزیك لە یەکتری دانیشین. هەوا بەرەو ساردی دەچێ.

سێیەم کوێر:

ناوێرم لە جیگەکەم بەرز ببمەوە. وا باشترە لە جێگەی خۆمان بمێنینەوە.

پیرەمێردی کوێر:

نازانم چی کەوتووەتە نێوانمانەوە!

شەشەم کوێر:

دەستەکانم پڕ لە خوێن بوون. هەوڵم دا لە جێگەکەم بەرز ببمەوە.

سێیەم کوێر:

گوێم لێیە دەتەوێت بەرەو لای من بێیت.

(ژنە کوێرە *شێتەکە بەگرژی چاوانی هەڵدەگلۆفێ و دەناڵێنێ، بەرەو قەشە وەردەچەرخێ).*

یەکەم کوێر:

دەنگێکی تر دەبیستم.

پیرەژنی کوێر:

وابزانم خوشکە کلۆڵەکەی ئێمەیە چاوانی هەڵدەگلۆفێ.

دووەم کوێر:

جگە لەم کارە هیچی تر ناکا، هەموو شەوێك گوێم لە دەنگیەتی.

سێیەم کوێر:

ئەو شێتە... قسەیەك چییە نایکات.

پیرەژنی کوێر:

لەو کاتەوەی منداڵی بووە، نادوێ. وەك ئەوەی بەردەوام بترسێ.

پیرەمێردی کوێر:

ئێوە لێرە ناترسن؟

یەکەم کوێر:

کێ دەڵێیت؟

پیرەمێردی کوێر:

هەمووتان.

پیرەژنی کوێر:

بۆچی؟ با... ئێمە تۆقێنراوین و دەترسین.

کچۆڵەی کوێر:

ئێمە لە مێژە دەترسین.

یەکەم کوێر:

بۆچی ئەم پرسیارەت کرد؟

پیرەمێردی کوێر:

نازانم بۆ! مەزەندەی ئەوە دەکەم کە یەکێك لە ناوماندا دەگری!

یەکەم کوێر:

بۆچی بترسین؟ وای بۆ دەچم ئەم ژنە شێتە لەبەر ئەوەیە کە دەترسێت.

پیرەمێردی کوێر:

نا، لەبەر شتێکی ترە. دڵنیام لەبەر هۆیەکی ترە. ترسەکەی تەنها لەبەر ئەوە نییە.

پیرەژنی کوێر:

هەمیشە کاتێك دەست بەشیردانی ساورکەی دەکا، دەگری.

یەکەم کوێر:

ئەو تەنها بەم شێوەیە دەتوانێ بگری.

پیرەژنی کوێر:

دەڵێن ئەو دەتوانێ مەودای دوو هەنگاو ببینێ.

یەکەم کوێر:

تا ئێستا دەنگی گریانی ئەوانی دیکەم نەبیستووە.

پیرەمێردی کوێر:

ئادەمیزاد بۆ ئەوەی بتوانێ بگری، پێویستە ببینێ.

کچۆڵەی کوێر:

بۆنی گوڵ لەم ناوە دێت!

یەکەم کوێر:

تەنها بۆنی زەوی دەگاتە کەپووم.

کچۆڵەی کوێر:

نا... گوڵە! دەوروبەرمان گوڵە.

دووەم کوێر:

تەنها بۆنی زەوی دەگاتە کەپووم.

پیرەژنی کوێر:

بایە و بۆنی گوڵ لەگەڵ خۆی دێنێت.

سێیەم کوێر:

من تەنها بۆنی زەوی دەگاتە کەپووم

پیرەمێردی کوێر:

وابزانم ژنەکان ڕاست دەکەن.

شەشەم کوێر:

گوڵەکان لە کوێن؟ دەمەوێ بیانچنم.

کچۆڵەی کوێر:

ڕاست دەکەیت. هەڵسەوە! (*شەشەم کوێر بەهێواشی هەڵدەستێتەوە،* کوێرە کوێرە دەچێتە پێش. *خۆی لە درەختەکان دەدا و پێ لە گوڵە سەوسەنەکان دەنێ*).

کچۆڵەی کوێر:

گوێم لێیە پێ لە قەدی ناسکی گوڵەکان دەنێی. ڕاوەستە، ڕاوەستە!

یەکەم کوێر:

ئێستا کاتی گوڵچنین نییە. باشتر وایە بیرێك لەوە بکەینەوە چۆن بۆ ماڵەوە بگەڕێینەوە!

شەشەم کوێر:

من ناوێرم بگەڕێمەوە.

کچۆڵەی کوێر:

پـێویست نـاکـا بـگـەڕێیتـەوە، هـەر لـە شوێنـی خـۆتدا بمێنـەوە! *(هەڵدەستێتەوە)* ئای، زەمین چەند ساردە! وابزانم دەیەوێ بیکاتە سەهۆڵبەندان. *(بەرەو لای سەوسەنە ڕەنگ پەڕیوەکان دەڕوا، خۆی لە بەرد و پیرە درەختەکە دەدات و لە نزیك گوڵەکاندا دەوەستێ).* گوڵەکان لای ئێوەن، ناتوانم بۆ ئەوێ بێم.

شەشەم کوێر:

وابزانم دەتوانم بیانچنم. *(کوێرە کوێرە گوڵ دەچنێ و دەیداتە کچۆڵە کوێرەکە. پەلەوەرانی شەو، باڵ لێکدەدەن و دەفڕن).*

کچۆڵەی کوێر:

یادم دێتەوە من ئەم گوڵانەم بینیون، ناوەکانیانم لە یاد چووە، لاسکەکانیان چەند ناسکن، بێگومان نەخۆشن، شێوەشیانم لە بیر چوتەوە. وابزانم ئەم گوڵانە مردوون *(گوڵە سەوسەنەکان لە نێو قژیا نوقوم دەکا).*

پیرەمێردی کوێر:

دەنگی قژتان دەبیستم.

کچۆڵەی کوێر:

ئەوە دەنگی گوڵەکانە.

پیرەمێردی کوێر:

ناتوانین لە دووری هەنگاوێکەوە بتانبینین.

کچۆڵەی کوێر:

من ناتوانم تەنانەت خۆشم ببینم. سەرمامە. *(لەم ساتەدا وژەی با دێ و هاژەی شەپۆلەکان، کە بەتوندی لە تاشەبەردەکانی کەنار دەدەن، دێتە گوێ).*

یەکەم کوێر:

دەنگی هەورەگرمەیە.

دووەم کوێر:

وابزانم دەیەوێ بیکاتە زریان.

پیرەژنی کوێر:

وابزانم دەنگی زەریایە.

سێیەم کوێر:

زەریا؟ بەڵام دەنگەکە لە دووری دوو هەنگاوەوە دێ، زۆر نزیکە. لە دەوروبەری ئێمەوە دێ، دەبێ شتێکی دیکە بێ.

کچۆڵەی کوێر:

گوێم لێیە شەپۆلەکان بەرەو لای قاچەکانم دەخزێن.

یەکەم کوێر:

وابزانم گەڵای وشکن، با دەیانهێنێ..

پیرەمێردی کوێر:

مەزەندە دەکەم قسەی ژنەکان بێ!

سێیەم کوێر:

بەزوویی دەگاتە لامان.

یەکەم کوێر:

با لە کام لاوە دێ؟

دووەم کوێر:

لە زەریاوە.

پیرەمێردی کوێر:

هەمیشە با لە بەری زەریاوە هەڵدەکات، زەریا دەوروبەری ئێمەی ئابلۆقە داوە. با هەر لە وێوە دێ.

یەکەم کوێر:

با چیتر بیر لە زەریا نەکەینەوە.

دووەم کوێر:

بەڵام پێویستە بیری لێ بکەینەوە، شەپۆلەکانی بەزوویی دەگاتە لامان.

یەکەم کوێر:

چۆن دەزانن کە ئەم دەنگە هی زەریایە؟

دووەم کوێر:

من بەباشی دەنگی شەپۆلەکانی دەناسم و دەیبیسم. نابێ زیاتر لێرەدا بمێنینەوە.

پیرەمێردی کوێر:

دەتەوێ بۆ کوێ بڕۆیت؟

دووەم کوێر:

جیاوازی نییە. گرینگ ئەوەیە لێرە بڕۆین. من چیتر بەرگەی ئەم دەنگە ناگرم. با بڕۆین، لێرە بڕۆین.

سێیەم کوێر:

دەنگێکی دیکە دەبیستم، گوێ بگرن (*دەنگی شتێك کە پێ لە گەڵای درەختەکان دەنێ، زۆر لاواز دێتە بەر گوێ*).

یەکەم کوێر:

کەسێك دەیەوێ لێرە نێزیك بێتەوە.

دووەم کوێر:

ئەوە... خۆیەتی... دەگەڕێتەوە... دەگەڕێتەوە. واگەڕایەوە.

سێیەم کوێر:

هەروەك منداڵێکی گچکە، وردە وردە هەنگاو دەنێ.

دووەم کوێر:

کاتێ دێت، نابێ سەرزەنشتی بکەین.

پیرەمێردی کوێر:

وابزانم دەنگی پێی ئادەمیزاد نییە.

*(لە ناوەڕاستی دارستانەکەوە سەگێك پەیدا دەبێت، بەبەردەم کوێرەکاندا تێدەپەڕێ. بێدەنگی).*

یەکەم کوێر:

ئەوە کێیە؟ تۆ کێیت؟ ڕەحممان پێ بکە، دەمێکە چاوەڕێین! *(سەگەکە دەوەستێ، سەر و هەردوو پەلی خۆی لەسەر ئەژنۆی کوێرەکە دادەنێ)* ئای، ئەوە چیت لەسەر ئەژنۆم دانا؟ ئەمە چییە؟ ئاژەڵە؟ وابزانم سەگە! بەڵێ... بەڵێ سەگە! سەگی جێگەکەمانە. وەرە ئێرە. وەرە ئێرە. هاتووە ڕزگارمان بکا. وەرە ئێرە!

کوێرەکانی دیکە:

وەرە ئێرە... وەرە ئێرە!

یەکەم کوێر:

هاتووە ڕزگارمان بکا. شوێن پێی هەڵگرتووین و گەیشتووەتە ئێرە. هەردوو پەلی بەجۆرێك لەسەر ئەژنۆم داناوە وەك ئەوەی ساڵانێك بێ لە بیریدا بم. دەیەوێ لە بەختەوەریدا بگری، دەیەوێ لە خۆشحاڵییدا خۆی بکوژێ. گوێ بگرن... گوێ بگرن!

کوێرەکانی دیکە:

وەرە ئێرە... وەرە ئێرە!

پیرەمێردی کوێر:

لەوانەیە لەگەڵ کەسێك هاتبێ بەڵام ئەم زووتر گەییوە.

یەکەم کوێر:

نا... تەنهایە. نابیستم کەسێکی لەگەڵ بێ. ئێمە بێگومان کەسی دیکەمان پێویست نییە. ئیتر لەم ڕێنوێنە چاکتر پەیدا نابێ کە بەرەو ئەو جێگەیەی دەمانەوێ ڕێنوێنیمان بکا و گوێڕایەڵمان بێ.

پیرەژنی کوێر:

من ناوێرم لە دوای ئەم سەگەوە ڕێ بکەم.

کچۆڵەی کوێر:

منیش ناوێرم.

یەکەم کوێر:

بۆ نا؟ ئاخر ئەو زۆر لە ئێمە باشتر دەبینێ.

دووەم کوێر:

گوێ لە قسەی ژنەکان مەگرن.

سێیەم کوێر:

وابزانم هەوا گۆڕاوە، ئێستا باشتر هەناسە دەدەم، هەوا پاکژتر بووە.

پیرەمێردی کوێر:

سروەی زەریا دەورووژێنێ.

شەشەم کوێر:

وابزانم هەوا ڕووناك بووەتەوە، خۆر دەیەوێ بەرز ببێتەوە.

پیرەژنی کوێر:

وابزانم دونیا سارد بووە.

یەکەم کوێر:

باشە وا چاکترە بەڕێ بکەوین. سەگەکە دەیەوێ ڕامبکێشێ و بمبا. زۆر بەختەوەرە. من لەوەندە زیاتر ناتوانم چاوەڕوانیی بکەم. لە دوامەوە وەرن، تا بۆ ماڵەوە بگەڕێینەوە. (دەوەستێ و *لەدوای سەگەکەوە دەکەوێتە رێ. سەگەکە بەرەو لای تەرمی بێ جووڵەی قەشە دەڕوا و دەوەستێ)*.

کوێرەکانی دیکە:

لە کوێیت؟ لە کوێیت؟ لە کام لاوە دەڕۆیت؟ ئاگاداربە!

یەکەم کوێر:

ئارام بن! جارێ لە دوامەوە مەیەن! من دەگەڕێمەوە. سەگەکە وەستاوە... بۆچی نابزوێت؟ ئای... دەستم بەر شتێکی سارد کەوت

دووەم کوێر:

تۆ دەڵێی چی؟ کەس دەنگت نابیستێ!

یەکەم کوێر:

وابزانم دەستم بەر دەموچاوی کەسێك کەوت.

سێیەم کوێر:

چی دەڵێی؟ دەنگت نابیستین. چی دەڵێیت؟ لە کوێیت؟ تۆ زۆر لە ئێمەوە دووریت.

یەکەم کوێر:

ئای... ئای... هێشتا نازانم چییە. کەسێك لە ناوماندا مردووە.

کوێرەکانی دیکە:

مردوویەك لە ناوماندا هەیە. لە کوێی؟ لە کوێی؟

یەکەم کوێر:

بەڵێ، مردوویەك لە ناوماندا هەیە. ئای... من ئەوەتا دەست لە ڕوخساری مردوویەك دەدەم. ئێوە لای مردوویەك دانیشتوون. دەبێ کوتوپڕ یەکێکمان لێ مردبێ. قسە بکەن بۆ ئەوەی بزانم کامتان زیندوون، لە کوێن؟ وەڵام بدەنەوە! هەمووتان وەڵام بدەنەوە! (*جگە لە کەڕ و شێتە و سێ پیرەژنەکە، هەموو کوێرەکانی دیکە یەك لە دوای یەك وەڵام دەدەنەوە*).

یەکەم کوێر:

ناتوانم دەنگتان جیا بکەمەوە. دەنگی هەر یەکێکتان لەوی دیکە دەچێ. گشت دەنگەکان لە ترسا دەلەرزن.

سێیەم کوێر:

دوو کەس وەڵامیان نەدایەوە، لە کوێن؟ (*بەگۆچانەکەی لە سێیەم کوێر دەدا*).

پێنجەم کوێر:

ئای... ئای... نوستبووم. بهێڵە بنووم!

شەشەم کوێر:

ئەو نییە. لەوانەیە ژنە شێتەکە بێ.

پیرەمێردی کوێر:

ژنە شێتەکە لای منەوە دانیشتووە، زیندووە.

یەکەم کوێر:

وابزانم قەشەیە. ئەو ڕاوەستاوە. وەرن، وەرن، وەرن!

دووەم کوێر:

ڕاوەستاوە؟

سێیەم کوێر:

کەواتە نەمردووە.

پیرەمێردی کوێر:

لە کوێیە؟

شەشەم کوێر:

دەمانەوێ خۆمان ببینین! (*جگە لە ژنە شێتەکە و پێنجەم کوێر، هەموویان هەڵدەستن و کوێرە کوێرە نزیکی مردووەکە دەبنەوە*).

دووەم کوێر:

لێرەیە؟ ئەمەتا... ئەوە؟

سێیەم کوێر:

بەڵێ... بەڵێ... ناسیمەوە.

یەکەم کوێر:

خوایە، خوایە... ئێستا چی بکەین؟

پیرەژنی کوێر:

ئەی باوکی پیرۆز، ئەوە تۆی؟ باوکە، ئەوە چیت لێ قەوماوە؟ چی بووە؟ وەڵام بدەرەوە! ئێمە هەموومان لە پاڵتاین.

پیرەمیردی کوێر:

ئاو بێنن! لەوانەیە هێشتا زیندوو بێ.

دووەم کوێر:

پرسیاری لێ بکەن، سەیرکەن... لەوانەیە بتوانێ جارێکی تر بۆ ماڵەوە بمانباتەوە.

سێیەم کوێر:

بێ هوودەیە، دەنگی لێدانی دڵی نابیستم. ساردە.

یەکەم کوێر:

بێ بچووکترین دەنگ مرد.

سێیەم کوێر:

دەبووایە ئاگاداری بکردینایە!

دووەم کوێر:

چەند ساڵ لە تەمەنی تێپەڕیوە؟ من ئەمە یەکەم جارە دەست لە ڕوخساری دەدەم.

سێیەم کوێر:

(*دەست لە تەرمەکە دەدا*) لە ئێمە گەورەترە.

دووەم کوێر:

چاوانی کراوەن. بەدوو دەستی کراوەوە، بەسەر سینگدا مردووە.

یەکەم کوێر:

نائومێدانە لە دونیا دەرچوو.

دووەم کوێر:

ڕانەوەستاوە، بەڵکوو لەسەر بەردێك دانیشتووە.

پیرەژنی کوێر:

خوایە... خوایە... هیچ نازانم، هیچ. دەبێ لە زووەوە نەخۆش بێ. بێگومان لە ژیانیدا ڕەنجێکی زۆری کێشاوە. ئۆهـ، ئۆهـ، هیچ کاتێك نەدەکڕووزایەوە. بە بێدەنگی دەستی گوشین و شکایەتیشی تەنها لە ڕۆژگار بوو. ئێمە سەرنجمان نەدا، تێبینیمان نەکرد، هیچ کاتێك. وەرن وێردی بۆ بخوێنن، هەمووتان سوژدە بەرن! (*ژنەکان بەگریانەوە دەکەونە سەر ئەژنۆ*).

یەکەم کوێر:

دەترسم، ناوێرم سوژدە ببەم

دووەم کوێر:

ئادەمیزاد نازانێ سوژدە کوێوە ببا!

سێیەم کوێر:

لەوانەیە نەخۆش بووبێ. بەڵام لە بارەی نەخۆشییەکەیەوە هیچ شتێکی پێ نەگوتووین.

دووەم کوێر:

دوا سات، کاتێك ویستی بڕوات، گوێم لێ بوو بەهێواشی دەدوا. وابزانم لەگەڵ خوشکە بچوکۆلەکەمان دەدوا، ئەرێ چی گوت؟

یەکەم کوێر:

نایەوێ وەڵام بداتەوە.

دووەم کوێر:

ناتەوێ وەڵام بدەیتەوە؟ لە کوێیت؟ بدوێ!

پیرەژنی کوێر:

ئازاری ئەوتان زۆر داوە. ئێوە کوشتتان. نەتانویست لەسەر ڕۆیشتن بەردەوام بن، دەتانویست لەسەر بەردەکان دانیشن و خواردن بخۆن، بەدرێژایی ڕۆژ دادەنیشتن و چپە چپتان دەکرد. من هاواریم گوێ لێ بوو. ئەو ئازایەتیی خۆی دۆڕاندبوو.

یەکەم کوێر:

نەخۆش بوو؟ ئێوە نەتاندەزانی؟

پیرەمێردی کوێر:

نەماندەزانی، ئاخر هیچ کاتێك ئەومان نەبینیبوو. چۆن دەمانتوانی بەم چاوە مردووانەمانەوە ببینین و بزانین؟ ئەو هیچ کاتێك لە

کەس دڵگیر نەدەبوو. ئێستاش ئیتر هەموو شتێك تێپەڕیوە. من تا ئێستا بەسەر مردنی سێ کەسەوە بووم، بەڵام هیچ کامیان بەم جۆرە نەمردوون. نۆرەی ئێمەیش دێت.

یەکەم کوێر:

من هیچ کاتێك نەبووم بەمایەی خەم بۆی و نیگەرانم نەکردووە

دووەم کوێر:

منیش بەهەمان شێوە، هەرچییەکی گوتووە بێ کەمترین بەرەنگاری پێی قایل بووم و بەقسەیم کردووە.

سێیەم کوێر

کاتێ ویستی بڕوا ئاو بۆ ژنە شێتەکە بێنێ، مرد.

یەکەم کوێر:

ئێستا چی بکەین؟ بۆ کوێ بڕۆین؟

سێیەم کوێر:

سەگەکە لە کوێیە؟

یەکەم کوێر:

لێرەیە، نایەوێ تەرمەکە جێ بێڵێ.

سێیەم کوێر:

لەوێی لابە! ڕای کێشە لایەکەوە.

یەکەم کوێر:

نایەوێ تەرمەکە جێ بێڵێ.

دووەم کوێر:

ئێمە ناتوانین لە پاڵ تەرمێکدا بمێنینەوە، ناتوانین لە نێو ئەم تاریکییەدا بمێنینەوە.

سێیەم کوێر:

پێویستە پێکەوە بین، نابێ لە یەکتری جیا بینەوە، پێویستە دەست بدەینە دەستی یەکتر، هەموومان لەسەر ئەم بەردە دانیشین! ئەوانی دیکە لە کوێن؟

وەرنە ئێرە! وەرن... وەرن.

پیرەمێردی کوێر:

لە کوێن؟

سێیەم کوێر:

لێرەم، لێرە. هەموو پێکەوەین؟ کوا دەستتان؟ دەستتان نزیک بکەنەوە! چەند ساردن!

کچۆڵەی کوێر:

ئای دەستت چەند ساردە!

سێیەم کوێر:

چی دەکەیت؟

کچۆڵەی کوێر:

من دەستم لەسەر چاوی خۆم داناوە، لە پڕ هات بەخەیاڵمدا کە دەبینم.

یەکەم کوێر:

ئەوە کێیە دەگری؟

پیرەژنی کوێر:

ژنە شێتەکەیە.

یەکەم کوێر:

هێشتا ڕاستییەکەش نازانێ.

پیرەمێردی کوێر:

وابزانم ئێمە لێرە دەمرین!

پیرەژنی کوێر:

لەوانەیە کەسێك بێت.

یەکەم کوێر:

مەزەندە دەکەم خوشکە ڕاهیبەکانی کەنیسەکەمان بن.

پیرەژنی کوێر:

ئەوان شەوان نایەنە دەرەوە.

دووەم کوێر:

مەزەندە دەکەم ئەو پیاوانە بمانبینن کە لە بورجە زەریاییەکەدا کار دەکەن.

پیرەمێردی کوێر:

ئەوان هەرگیز لە بورجەکەی خۆیان دانابەزن.

سێیەم کوێر:

لەوانەیە بمانبینن.

پیرەژنی کوێر:

ئەوان هەمیشە تەماشەی زەریا دەکەن.

سێیەم کوێر:

ساردی کردەوە.

پیرەمیردی کوێر:

گوێ ڕادێرن! وابزانم دەنگی سەهۆڵبەندانی گەڵا وشکەکان دێ.

کچۆڵەی کوێر:

ئای، زەوییەکە چەند ڕەقە!

سێیەم کوێر:

دەنگێك لای چەپمەوە دەبیستم، بەڵام ناتوانم بزانم دەنگی چییە؟

پیرەمێردی کوێر:

دەنگی شەپۆلی زەریایە کە لە تاشەبەردەکانی کەنار دەدا.

سێیەم کوێر:

وامزانی ژنەکان بوون.

پیرەژنی کوێر:

دەنگی سەهۆڵەکان دەبیستم کاتێك شەپۆلەکانی ئاو دەیانکێشن.

یەکەم کوێر:

کێیە ئاوها توند دەلەرزێ و بەردەکەی ژێر پێمانی خستووەتە جووڵە.

دووەم کوێر:

دەنگێکی دیکە دەبیستم. ناتوانم بزانم چییە.

یەکەم کوێر:

کێیە ئاوها بەم جۆرە دەلەرزێ کە بەردەکەی ژێر پێمانی خستووەتە لەرزە.

پیرەمێردی کوێر:

وابزانم یەکێك لە ژنەکانە.

پیرەژنی کوێر:

وابزانم ژنە شێتەکەیە بەم جۆرە دەلەرزێ.

سێیەم کوێر:

دەنگی ساواکەی نایە.

پیرەژنی کوێر:

دەڵێی هێشتا هەر شیر دەخوا.

پیرەمێردی کوێر:

تەنها ئەم ساوایە لە ناوماندا دەتوانێ ببینێ و دەزانێ ئێمە لە کوێین؟

یەکەم کوێر:

وژەی بای باکوور دێتە گوێم.

شەشەم کوێر:

وابزانم هیچ ئەستێرەیەك بەئاسمانەوە نییە. دەیەوێت بیکاتە بەفر.

سێیەم کوێر:

گەر کەسێك لە ناوماندا ڕەق هەڵات پێویستە زوو بێداری بکەینەوە.

پیرەمێردی کوێر:

من زۆر ماندووم.

(*با گەڵای وشك بەهەوادا بڵاو دەکاتەوە*)

کچۆڵەی کوێر:

دەنگی گەڵا وشکەکانتان گوێ لێیە؟ وابزانم کەسێك بەرەو لامان دێ!

دووەم کوێر:

دەنگی بایە، گوێ ڕادێرن!

سێیەم کوێر:

چیتر کەس نایە.

پیرەمێردی کوێر:

دەبێتە سەهۆڵبەندانێکی سەخت.

کچۆڵەی کوێر:

لە دوورەوە دەنگی تەپەی پێی کەسێك دەبیستم.

یەکەم کوێر:

تەنها دەنگی گەڵای وشك دێتە گوێم.

کچۆڵەی کوێر:

لە دوورەوە دەنگی تەپەی پێی کەسێك دەبیستم.

یەکەم کوێر:

تەنها دەنگی گەڵای وشك دێتە گوێم.

کچۆڵەی کوێر:

لە دوورەوە دەنگی تەپەی پێی کەسێك دەبیستم

دووەم کوێر:

تەنها وژەی بای باکوور دەبیستم.

کچۆڵەی کوێر:

دەمەوێ بڵێم کەسێك بەرەو لامان دێت.

پیرەژنی کوێر:

دەنگی هێواشی پێی کەسێك دەبیستم.

پیرەمێردی کوێر:

وابزانم ژنەکان ڕاست دەکەن.

(*بەفر دەکەوێتە بارین*)

یەکەم کوێر:

ئای... ئای... ئەم شتە ساردەی کە بەردەستم دەکەوێت چییە؟

شەشەم کوێر:

بەفر دەبارێ.

یەکەم کوێر:

بـا زیـاتر بچینە پاڵ یەکتر، بەڵکوو گەرممان بێتەوە!

کچۆڵەی کوێر:

گوێ بگرە، دەنگی تەپەی پێ دێ.

پیرەژنی کوێر:

توخوا یەك دەقیقە بێدەنگ بن!

کچۆڵەی کوێر:

دەیەوێت نزیك بێتەوە. باش گوێ ڕادێرن!

(کوتوپڕ *ساواکە دەست دەکاتە گریان*)

پیرەمێردی کوێر:

ساواکەیە دەگری.

کچۆڵەی کوێر:

ئەو دەتوانێ ببینێ، چاوی ساغە، دەبینێ بۆیە دەگری. بێگومان شتێك دەبینێ. (*ساواکە دەکاتە ئامێزی و بەرەو ئەو جێگەیە دەڕوا کە مەزەندەی بیستنی دەنگەکەی لێوە دەکرێت. ژنەکانی دیکە بەترسەوە دەکەونە دوای*). بەرەو لای ئەو دەڕۆم.

پیرەمێردی کوێر:

ئاگاداربە!

کچۆڵەی کوێر:

وای چەند دەگری! چیتە؟ مەگری! مەترسە! پێویست ناکا بترسیت. ئێمە لێرەین و لاتەوەین. چیت دیوە؟ مەترسە، بەم شێوەیە مەگری! چیت دیوە؟ بڵێ، چیت بینیوە!

پیرەژنی کوێر:

دەنگی تەپەی پێ لەم لایەوە دێ. گوێ بگرن!

پیرەمێردی کوێر:

دەنگی پێ لێنانی جلوبەرگ بەسەر گەڵا وشکەکاندا دەبیستم.

شەشەم کوێر:

ڕەنگە ژنێك بێ کە جلەکەی لە زەوییەکە دەخشێت.

پیرەمێردی کوێر:

بەڵام ڕاستییەکەی، ئەمە دەنگی پێیە.

یەکەم کوێر:

لەوانەیە دەنگی ئاوی زەریا بێت کە بەسەر گەڵا وشکەکاندا دەڕژێ.

کچۆڵەی کوێر:

نا نا دەنگی تەپەی پێیە، دەنگی تەپەی پێیە.

پیرەژنی کوێر:

لە دواییدا بەزوویی تێدەگەین. سەرنجی گەڵا وشکەکان بدەن!

کچۆڵەی کوێر:

دەنگیان دەبیستم، بەباشی دەیانبیستم. گوێ ڕادێرە! گوێ ڕادێرە! چی دەبینی؟ چی دەبینی؟

پیرەژنی کوێر:

سەیری کام لا دەکا؟

کچۆڵەی کوێر:

تەنها تەماشای دەنگەکە دەکا. سەرنج بدە، سەرنج بدە! کاتێ گەڕامەوە، ئەویش ویستی بگەڕێتەوە، سەیری هەمان ئەو لایە دەکا کە پێشتر سەیری دەکرد. ئەو دەبینێ، دەبینێ، بێگومان شتێکی تازە دەبینێ.

پیرەژنی کوێر:

(دەچێتە پێش) ساواکە لەسەر دەستت بەرز بکەوە بۆ ئەوەی بتوانێ بەباشی ببینێ!

کچۆڵەی کوێر:

لاچۆ، بچۆرە ئەولاوە (*لە نێو هەموو کوێرەکاندا ساواکە لەسەر دەست بەرز دەکاتەوە*) دەنگی پێیەکانی ناومان نەما.

پیرەژنی کوێر:

ئەوان ئەوەتا لێرەن، لێرەن.

کچۆڵەی کوێر:

ئێوە کێن؟

(بێدەنگی)

پیرەژنی کوێر:

ڕەحممان پێ بکەن! (بێدەنگی)

(*ساواکە کە نائومێدانەتر دەگری*)

تاریکیی